پێشکەشە بە..

*هەموو ئەو شەهیدانەی کورد کە بۆ پیرۆزی رزگاری گەلی کوردستان گیانیان بەخشی.

*سەرجەم ئەو قەڵەمە راست بێژانەی داکۆکیان لە ما فی کورد کردووە.

*ئەو ئەدیبو نوسەرانەی بە راستگۆیی مێژووی گەلی کوردیان نوسیوەتەوەو بەردەوامن لەو خەباتەدا.

سەرنج/ ئەم پەرتوکە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦١ لەسەر ئەرکی حاجی ئیبراهیمی چەرمەگە بەچاپ گەیەنراوە.

سوپاس و پێزانینم بۆ..

-بەرێز مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی) کە هاوکاری و زانیاری زیاتری پێ بەخشیم.

-بەرێز (ئازاد سەوزە) کە بە خە مخۆری و دڵسۆزی یەوە هاوکاری کردم.

-بەرێز (هیوا رەئوف)و بەرێز (محەمەد مەردان) کە هاوکارییان کردین لەروی ئەدەبی یەوە.

بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا

دەستپێك

بەرزان حاجی برایم چەرمەگا

توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی نوسەرێك لە نێو میللەتێکی بەش مەینەتی وەکو کورددا هەوڵو ماندوبوونی زۆری پێویستە، هەرچەندە روپەڕی زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کۆنەکانم پشکنی و پرسو ڕاوێژی زۆرم بە هاوڕێیانی (شەهید عوسمان عوزێری) کرد بۆ ئەوەی تیشکی زیاتر بخەمە سەر ژیانو بەرهەمو لایەنە نادیارەکانی ئەم نوسەرە شەهیدە، هێندەی لەتوانام دا بووە درێخی خودیم نەکردووەو کاتی خۆی لە دیوانە شیعری (شەهید عوسمان عوزێری) کە ساڵی ٢٠٠٠ بە چاپمان گەیاند کە کۆی شیعرە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانیەتی بە چڕو پڕی ئەو زانیاریانەی ژیانی ئەم نوسەرەمان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوسا دەمزانی ئەم نوسەرە شەهیدە زیاتر هەڵدەگرێ لەسەری بنوسین، دیسانەوە لە پرۆژەی کۆکردنەوەو لەسەر نوسینو بەچاپ گەیاندنەوەی بەرهەمەکانی دا گوزەرێکم کردەوە بەناو رۆژنامەو گۆڤارەکانداو هەندێ شتی بابەتیم چنگ کەوت کە دەکرێت لە ئایندەدا پرۆژەیەکی رۆشنبیری چاك پێکبهێننو هیوادارم ڕوناکی چاپ ببینن.

ئەم نامیلکەیەی بەردەستیش یەکێکە لەو پرۆژانەو بە نیاز بووم لەگەڵ چەند نوسینێکی رۆژنامەی خەبات ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ لە دووتوێی یەك کتێب دا چاپیان بکەم بەڵام بە پرسی هاوڕێیانم بە چاکم زانی جارێ تەنها ئەم نامیلکە مێژووییە بە چاپ بگەیەنم. هیوادارم گیانی شەهید عوسمانی پێ شادبێتو سودێکیش بگەیەنێت بە خوێنەری کورد.

هەر لەم نامیلکەیەدا بەچاکم زانی ئەو خوێنەرە خۆشەویستانەی دیوانی شەهید عوسمان عوزێری بەردەستیان نەکەوتووە، گوزەرێك بە

ژیانی ئەم نوسەرە چەلەنگەدا بکەن و شارەزایی تواناو لێهاتویی ئەم شەهیدە نوسەرە بن بە هیوام ئەمیش سودی خۆی هەبێت.

ژیاننامەی شەهید عوسمان عوزێری

ئەم نوسەرە خاوەن هەڵوێستە شەهیدە ناوی (عوسمان ئەحمەد رۆستەم)ەو ساڵی ١٩٣٦ لە دایك بووەو لە عەشیرەتی عوزێری یەو نازناوی ئەدەبی و سیاسیشی (عوسمان عوزێری) بووە.

ساڵی ١٩٤٤ لە شاری سلێمانی و لە قوتابخانەی ئەیوبیە خراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بەسەرکەوتوویی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵیەوە تێکەڵاوی ژیانی نوسین بووەو وەکو پەیامنێر لە رۆژنامەی (ژین)ی سەردەمی مامۆستا گۆران هەندێ بابەتی ئامادەکردووەو ئەمە بوەتە سەرەتایەکی باش و بەهرەو توانای رۆژ بە رۆژ زیاتر چرۆی کردوەو گوڵی بەهرەی بەخشیوەتە گەلەکەی.

ساڵی ١٩٥٧ بۆ تەواو کردنی خوێندن روی لە بەغدا کردوەو لەگەڵ ژمارەیەکی دیار لە خوێندکارانی کورد ئەو کاتە لە بەغداد (کۆمەڵی ئاوازی کوردی)یان پێکهێناوە کە ناوەندێکی رووناکبیری و هونەری گشتگیر بووەو سەر بە (یانەی سەرکەوتنی کوردان) بووەو چەندین ئاهەنگ و شانۆیی کوردی و کۆڕیان ساز کردووەو تواناو لێهاتویی (عوسمان عوزێری) دیار بووەو جێگەی متمانەی هاوڕێکانی بووە. هەر لەو ساڵانەدا توانیویەتی بەزیرەکی خۆی مۆڵەت بەدەست بهێنێ بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەیەك لە رادیۆی بەغداو لێهاتوانەو لێزانانە لە ئێزگەی کوردی بەغداوە بەرنامەی (خەباتی کوردستان)ی پێشکەش

کردووە ناوەرۆکی بەرنامەکەی مێژوو تێکۆشانی کورد بووە لە ناوچە جیاوازو دابەشکراوەکانی کوردستاندا.

هەروەها لە بەرنامە رۆشنبیرییەکانی ئێزگەی کوردی بەغدا جار جار پشتی خزمەتکرنی خۆی هەبووە. ئەو ساڵانە بووەتە ئەزمونێکی دیارو گرنگ لە ژیانی دوایی شەهید عوسمان عوزێری‌دا. لێرەدا پێویستە بڵێم ئەفسوس داخۆ چەند نوسینی بەبایەخی لەو بوارەدا لەناو چوون گەر بمانایەو لەبەر دەست بونایە بێگومانم خزمەتی گەورەیان بەگەلی کورد و خوێندەوارانی دەگەیاند.

(عوزێری) نوسەر وەکو بیریارێکی بەئاگای رۆشنکەر چەند وتارێکی سیاسیو لێکۆلیاری بۆ رۆژنامەی (خەبات)ی ئەو ساڵانە نوسیوەو بڵاوکراونەتەوە یەکێك لەو نوسینانە تایبەتە بە یادی (چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کوردستان)، کە لە ژمارە (٢٤٦)ی خەباتی دا لە ١٩-حوزەیرانی ١٩٦٠ بڵاوبوەتەوە زۆر هەوڵمان دا ئەو ژمارەیەمان دەست نەکەوت تاکو هاوشانی نوسینەکەی بڵاوبکەینەوە لەم نامیلکەیەدا هیوادارم لە ئایندەدا ئەو بوارە برەخسێت، زۆریش لەو نوسینە سیاسیانەی وەکو کۆڕی فیکری-سیاسی لە ئەڵقە رۆشنبیریەکان خوێندۆتەوە بۆ ئامادەبوانی کۆڕەکانی.

شەهید (عوسمان عوزێری) لە ژیانی خۆی دا توانیویەتی ئەم پەرتوك و نامیلکانە بەچاپ بگەیەنێت:

١.کۆمەڵە شیعری (گوڵزاری کوردستان) ساڵی ١٩٥٨ بە چاپ گەیەنراوە.

٢.لە پێناوی دادپەوەریدا دوو چیرۆکە یەکێکیان وەرگێردراوە ساڵی ١٩٥٩ بەچاپ گەیەنراوە.

٣.مێــژووی جوڵانــەوەی مامۆســتایانی پۆڵەنــدە بابــەتێکی لێکۆڵینەوەیە لەسەر خەباتی ڕێکخراوەیی مامۆستایان وەرگێراوە، ساڵی ١٩٥٩ بەچاپ گەیەنراوە.

٤.کۆمەڵە شیعری (کڵپەی دەرون) ساڵی ١٩٦٠ بەچاپ گەیەنراوە.

٥.شۆڕشی دیاربەکر لێکۆڵینەوەیەکی کورتی مێژوویی ئەو شۆڕشەو هۆکارەکانی نوشستییە، ساڵی ١٩٦١ لەسەر ئەرکی (حاجی برایمی چەرمەگا) بەچاپی گەیاندووە. ئەم نامیلکەیە بایەخی بەڵگەیی هێندەیە کە بەڕێز (دکتۆر کەمال مەزهەر) لە کتێبی مێژوودا ئاماژەی پێدەدات.

ئەم نوسەرە پێشڕەوە پێشبینی زۆر لە ڕووداوەکانی کردووە و بەردەوام بووە لەسەر نوسین و وەرگێران، لە بواری نوسین دا (ئەشکەنجەی خۆشەویستی)و (یاسای قازییەتی) کە هەردوکیان ئەزمونی چیرۆك نوسین بوون روناکی چاپیان نەبینیوە.

لە بواری وەرگێران دا دوو کتێبی گرنگی وەرگێڕاوە کە بە داخەوە لە کاتی خۆیدا چاپ نەکراون بڵاونەکراونەتەوە، ئەوانیش (میر، نوسینی ماکیاڤیللی)و (ماجدۆلین) کە مستەفا لوطفی مەنفەلوطی وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبیو ئەمیش کردویەتییە کوردی.

ئەو کتێبانەی شەهید عوسمان عوزێری ئێستاش گرنگی و بایەخی خۆیان هەیەو خوێندنەوەی نوێیش هەڵدەگرن.

عوسمان عوزێری لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە لەگەڵ مامی (حاجی برایمی چەرمەگا)و خزمانی عشیرەتی عوزێری بەشداری کردووە لە شەڕی دەربەندی بازیانو بریندار کراوەو برایەکیشی بەناوی (عەبدوڵا ئەحمەد ڕۆستەم) لە ١٩٦٣ شەهید کراوە بەڵام کۆستو

زیندانو مەینەتیەکانی رۆژگار شانیان لانەکردووەو بە کێوی ورەی باڵای ئەو نەگەیشتون. بەردەوامی لەنێو خەباتو تێکۆشان دا زیاتر قاڵی کردوو گیانی کوردایەتی زیاتر گەشە پێداو دانەبڕاوانە بەردەوام بوو لە خەباتو شۆڕشگێڕیو لە ژیانی خەباتی شاخیش دا کادرێکی سیاسیو ڕاگەیاندنی هۆشیاری شۆڕشی ئەوسای کورد بوو. لە ئیزگەی دەنگی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ نوسەرانو شارەزایان ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە خزمەت کردن. هەوڵی دەدا لە ڕێگەی دەنگی ئیزگەی شۆڕشەوە وەکو کوردێکی جوامێر و جەربەزە بە ئایندەی سەرفرازی گەلەکەی وای لێ کردووە هەمیشە پشتگیری شۆڕشی کردووە و ڕۆڵی خۆی لە خەباتی رزگاری خوازی گەلەکەی بینیوە.

لە درێژەی ژیانی ئەدەبیو هونەریو سیاسی (عوسمان عوزێری) بەلەخۆ بوردوییەوە توانیبوی متمانەی زۆرینەی هەڤاڵانی بەدەست بهێنێو هۆشمەندیو ڕووناکبیری لە ئاستێك دابووە ((جمال عبدالناصر)) سەرسام بووە بەبەهرەمەندی و هاوڕێیانی بەتێرامانەوە سەیری قەڵای بەهرەو توانای ئەم نوسەرەیان کردووە.

نوسەرێکی تەمەن ٢٩ ساڵ ئەو هەموو چاپ کراوو پەرتوكو نوسینو بەرنامە رادیۆییەی هەبوو بێت بێگومان دەبێت بەسەرنجەوە سەیری ژیانی پڕ بەهرەی بکرێت، بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٦٦ روناکی هۆشمەندی ئەم نوسەرە خامۆش کراو عوسمان عوزێری شاعیرو نوسەرو وەرگێڕو کادری سیاسیو راگەیاندن شەهید کرا لە پاش خۆی تەنها کوڕ و کچێکی بەجێ ماو بەناوی (ڕاپەڕ و شیرین) کە ئێستا لە هەندەرانن لەو کاتەدا کەشەهیدی دەکەن ئەوەندە پەرۆش بووە بۆ

خاکەکەی دەڵێت ((هەستەتێکۆشە ئەی کوردی هەژار چاوێك باشترە لەدوو چاو .

شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە دیوانە شیعری (خاچو مارو رۆژمێری شاعیرێ) لاپەڕە ١٧٣دا بەم شێوەیە باسی شەهید عوسمان عوزێریو شەهید بوونی دەکات:

چوارگۆشەیەکی هاوڕێی ناو ئەشکەوت بوین
هەموو جارێ سەرمان ئەنا
بە بازنەی ئەشکەوتەوە
تا ئەویش خەوی لێ ئەکەوت
لەبەر ئاگری رازی یەکدا دائەنیشتین
بەیانیەك (عوسمان)یان برد
عوسمان وەکو مورویەکی چاوشین
وەکو شیعرێکی سەرباڵ شین
لە رنو بەفری دیلمانو هۆمەرانو گەڵاڵەدا
ونیان کردو نەهاتەوە
نەهاتەوەو نەهاتەوەو نەهاتەوە

لەراستەوە بۆ چەپ: عوسمان عوزێری، محەی هەرکی، حاجی برایمی چەرمەگا، وەزیری خارجی میسری. ساڵی ١٩٦٥ لە میسر.

عوسمان عوزێری و چەپکێ رازو بەسەر کردنەوە

عومەر مەعروف بەرزنجی

بەرکوڵ:

کورد وەکو نەتەوەیەکی دێرینو پەژمردەی رۆژهەڵات، لاپەرەکانی مێژووی ئەدەبو بزوتنەوەی نەتەوایەتیو خەباتی نیشتمانی سەر رێژن لە نموونەی باڵاو وێنەی درەو شاوەو تابلۆی نەخشاوو شەهیدانی گومناوو رێبوارانی بەئاگای رێگای سەرفرازیو خەمخۆری رۆژانی کسپەو نەهاتیو وەیشومەکانی رۆژگار.

برادەری ئازیزو شاعیرو نوسەرو خەباتکاری نەگۆڕ (عوسمان عوزێری)شەهید، شاگوڵێکی گەشاوەو بەڕەونەقی ئەو لاپەڕە رەنگینو تۆمارە پرشنگدارەیە کە مێژووی نەتەوایەتی بە شانازیو شەوقو ئەلهاوە دەوری دەکاتەوە.

کاکە عوسمان خوێندەوارێکی تازە هەڵکشاوی بەهرەمەندو شاعیرێکی دیارو نوسەرێکی کارامەو چیرۆك نوسێکی بەتوانستو بیری رۆشنو وەرگێڕێکی بەسەلیقەو رۆڵەیەکی بەئاگای مێژووی نوێو خەباتکاری کە نەبەردی رۆژانی تەنگانەو گوشراوی باوەڕی پیرۆزی کوردایەتی بوو، سیو شەش ساڵ لەمەوبەرو لەبارو دۆخێکی گرژو رۆژگارێکی تەماوی ئەم نەتەوەیەداو بە رووداوێکی مەرگەسات ئاسایی جەستەی شەکەتی خەڵتانی خوێن کراو کاڵای مەرگی لەبەر هەڵکێشراو رووی لە ژیانی جاویدانی کرد.

ئەم برادەرە بەوەفاو رچەشکێنە لەسەرەتاوە تابنەتای رۆژانی ژیانی نمونەیەکی رەزا سوكو بەئارام بوو، کارو هەڵسورانی ژیانی بەپێی بەرنامەیەکی دروستو داڕێژراو بوو، جۆشو تەوژمو سەودای کوردایەتییەکی راستەقینە لە هەموو جەستەو دەمارەکانیدا قوڵپی دەدا، لەیەکەم گوللەی شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلولەوە چەکی تۆڵەو خەباتی نایە نەڕەی شانیو بەشدارییەکی کارای کردو بریندار یش کرا، بەڵام مایەی داخو نیگەرانییە کە ئەم رۆڵە بزورگە خراوەتە گۆشەی بێئاگاییو بیر چوونەوەو تەنانەت یادێکیشی نەکراوەتەوە.

سەرەتای ژیانی ئەدەبی:

سەرەتای هۆگربوونو رووکردنە جیهانی ئەدەبو روناکبیریو هەوڵو تەقەللای لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی ساڵانی پەنجای سەدەی رابوردوو، لەو رۆژگارەداو لەسەر رووبەری لاپەرەکانی (ژینو هاتاوو پێشکەوتن)و چاپەمەنییەکانیتر هەندێ لە نۆبەرەو بەرکوڵی قەڵەمی دەبینرانو بەخوێندەواران ئاشنا بوو، بەڵام شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ وەك شۆڕشێکی نیشتمانی کاریگەرێتییەکی سەرو مڕی بەسەر ژیانی ئەدەبی (عوزێری)یەوە هەبوو، بووە مایەی تەقینی کانیاوی روونی بەهرەو گەشەسەندنی چالاکیو فراوان بوونی مەودای نوسینو بڵاوکرنەوە، لەم سەردەمەدا رۆژنامەی خەباتو گۆڤاری شەفەق لاپەرەکانی بۆ ئاواڵە کردبوو، ئەمە جگە لە چاپکردنی چەپکێ بەرهەمی ناوازە.

بەرهەمەکانی عوزێری:

ئەو بابەتانەی کە (عوزێری) ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردبوونو دەیویست لێ یان نزیك ببێتەوەو ببنەمایەی سەرنجو رامانو بایەخ پێدانی هەمە رەنگەنو خوا لێ خۆشبوو بەیەك جۆری روناکبیری قنیاتی نەکردووەو لە چەند دەرگایەکی ئەدەبیو روناکبیریو مێژوویی داوەو بە ویستو تاسوقێکی بێ سنورەوە لە هەموو گوڵێکی بۆن خۆش بۆ نێکی کردووە، شیعر، چیرۆك، شانۆ، وەرگێران، بابەتی رەخنەیی، باسو خواستی کۆمەڵایەتی، وتاری سیاسی، تۆمار کردنی بەسەرهاتو رووداوی مێژوویی، ئەمانەو هەندێکیتریش بەردەوام میوانێکی بە ئەمەكو رەزا سوکی دەستو قەڵەمو بیری رۆشنی کاکە عوسمان بوون.

ئێمە لێرەدا ناتوانینو ئەو هەلە نەرەخساوە کە لە مەودا یەکی بەرینو باسێکی سەرتاپا گیریدا قەڵەمی توێژینەوەو هەڵسەنگاندنو بە باڵا بڕینێکی هەمە لایەنە بژەنینە کرۆكو مەبەستو بیری ئەم شەهیدە باڵایەو سەرجەم بەرهەمەکانی بەسەر بکەینەوە، بەڵام رێی ئەوەیشمان لێ نەگیراوە کە بە نوکە قەڵەمێکی درشتو رێبوار ئاسایی کارەکانی بخەینە بەر چاوی خوێندەوارانی کورد.

عوزێریو شیعر:

عوسمان عوزێری لە رۆژگارێکدا چاوی کردەوەو بە حەزو ویستو تامەزرۆییەوە رووی لە میحرابی پیرۆزی شیعر کردو ئالودەی بوو، کە ئەم بابەتەی ئەدەبی کوردی لە شێوەو ناوەرۆك دا هەنگاوی گەورەی

دەناو بەرگی خەملاندن‌و تازە گەرێتی بە بەردا هەڵکشا بوو، دیارە (عوزێری) وەك قوتابی یەکی زرنگی قوتابخانەی شیعری تازە لەم گۆرانکاری‌یەدا لاتەریك نەبوو، بە کوڵ‌و دڵ بەشداری تێدا کردو شیعرەکانی ئەو سەردەمەو دواتری شێوەیەکی هونەری لەبارو کەرەستەو ناوەرۆك‌و تان‌و پۆیەکی نەخشاویان بەخۆوە گرتبوو، لەپاڵ شیعرەکانی گۆران‌و هەردی‌و کامەران‌و دیلان‌و ع ح ب‌و عەلی فەتاح دزەیی‌و مەدهۆش‌و کامیل ژیرو دکتۆر ئیحسان فوئادو جەمال شارباژێری‌دا سەرجەم بوو بوونە نمونەی هەڵبژاردەی شیعری ئەو قۆناغە تایبەتی‌یەی نەتەوەی کوردو هەریەکەیشیان لە ئاستێکی هونەری تایبەتی‌دا بوون‌و دیارە (گۆران)ی گەورەیش مامۆستاو رابەرو سەردەستەی هەمووان بوو.

عوزێری لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بە ماوەیەکی کەم مسۆدەی کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (گوڵزاری کوردستان)و بە پێشەکی‌یەکی چڕو پڕی (محەمەد ساڵح دیلان)ەوە خستە کتێبخانەی کوردی‌یەوە.

ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵە شیعری دووەمی بەناوی (کلپەی دەرون)و لە ناوەرۆك‌و بەرگ‌و نەخشە سازی‌یەکی رەنگین‌و کالایەکی بەرەو نەتەوە بلاوکردەوە.

دیارە شیعرەکانی عوزێری‌و شێوەو ناوەرۆك‌و رەوتی هونەری بابەتەکان پێویستی‌یان بە توێژینەوەیەکی قووڵ‌و بەسەرکردنەوەیەکی بەربلاو هەیەو ئومێدەوارم ئەو هەلەیش برەخسێ.

عوزێری‌و وەرگێران:

عوزێری جگە لە بواری شیعر دەیویست کە لە وەرگێرانی بابەتی بەپێزدا دەورێکی هەبێ‌و لەم رێگەیەشەوە خزمەتێ بە خەرمانی رووناکبیری کوردی بگەیەنێ.

دیارە عوزێری لە نرخ‌و بەهاو پێویستی وەرگێران تێگەیشتبوو، دەی زانی کە کتێبخانە چۆڵەکەی ئەدەب‌و رووناکبیری کوردی پێویستی‌یان بە بابەتی هەمەرەنگی جیهانی هەیەو راپەڕاندنیشی لە ئەستۆی خوێندەوارانی کورددایە.

ساڵی ١٩٥٩ نامیلکەی (مێژووی جولانەوەی مامۆستایان لە (پۆلەندە) وەرگێرایە سەر زمانی کوردی‌و بە چاپی گەیاند، هەر لەو ساڵەدا شانۆنامەی (لە پێناوی دادپەوەری) نوسەر (وجیە رضوان)ی لە نامیلکەیەکی تایبەتی‌دا وەرگێراو بە چاپکراوی خستی یە کتێبخانەی کوردی‌یەوە، سەرەرای ئەم دوو بەرهەمە چاپکراوە چەند بابەتێکی تریشی ئامادە کرد بەلام مەرگی لەناکاو مۆڵەتی نەدا رووناکی ببینێت.

عوزێری‌و چیرۆکی کوردی:

راستە عوزێری وەك شاعیرێکی بەسەلیقەو خاوەن هەڵوێست ناسراوە، بەلام سەرەرای ئەم بوارەیش لەبەرەو پێش چوونی چیرۆك‌و نوسینی چیرۆکی کوردی دا بەشدار بووەو مەڵۆیەکی خستووەتە سەر شارای تۆماری چیرۆك.

لە ناوەراستی ساڵانی پەنجای سەدەی رابردوودا کەسانی وەك (محەرەم محەمەد ئەمین، مستەفا ساڵح کەریم، شێخ مارف بەرزنجی، حەسەنی قزلجی‌و محەمەد مەولود، مەم،و ئەمینی میرزا کەریم‌و جەمال

بابان)و هەندێکی تر لە نوسینی چیرۆکی سەرکەوتودا بالا دەست بوون‌و وەك نەوەی سێیەمی مێژووی چیرۆکی کوردی تۆمار دەکرێت، لەو سەردەمەدا (عوسمان عوزێری) وەك خوێندەوارو نوسەرێکی تازە پێگەیشتوو چەپکێ چیرۆکی بە پێزی ناوەرۆك پۆشتەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی (ژین‌و هەتاو)دا بلاو کردەوەو جێی سەرنجی خوێنەران بوو.

لێرەدا دەتوانین کە چیرۆکەکانی (ئەشکەنجە[1])و (ژیانی هەژاری[2])و (لە پاش باران کە پەنەك[3])و (هاوڕێی ناپاك[4])و (کوتەکی زۆردار[5]) بە نمونەی ئاستی دەست رەنگینی‌و قەڵەم بە بڕشتی عوزێری دابنێین.

زۆربەی ناوەرۆك‌و بابەتەکانی عوزێری‌و کرۆکی چیرۆکەکانی بریتین لە دەردە کوشندەو کاریگەرەکانی کۆمەڵی کوردەواری‌و ویستویەتی لەو ریگەیەوە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بوروژێنێ‌و بە چەشنی مەسەلەیەکی گرنگی ژیانی نەتەوە بەسەریان بکاتەوە.

عیسمەتی کچی قازی محەمەد:

---

[1] ئەشکەنجە، گۆڤاری هەتاو، ژ ٨٤، س ٢٣ کانونی دووەمی ١٩٥٧.

[2] ژیانی هەژاری، گۆڤاری هەتاو، ژ ٨٦، س ٢٣ کانونی دووەمی ١٩٥٧.

[3] لەپاش باران کەپەنگ، گۆڤاری هەتاو، ژ ٩، ١٠ی مارتی ١٩٥٧.

[4] هاوڕێی ناپاك، رۆژنامەی ژین، ژ ١٥٧٣، رۆژی ١٩٦٠/١١/٣.

[5] کوتەکی زۆردار (ئەم چیرۆکە رۆژی ١٩٥٧/١٠/٩ نوسراوەو لەکاتی خۆیدا بڵاونەکراوەتەوەو دواتر خراوەتە کۆتایی نامیلکەی لە پێناوی داد پەروەریدا، چاپخانەی ژین، ١٩٦٠، ل ٢٧).

ناوەراستی ساڵی ١٩٥٩ بوو کاکە عوسمان مسۆدەی شانۆ نامەیەکی لە کتێبخانەی (خەبات)ی سلێمانی نیشاندام وتی ماوەیەکە لای رەقابەیەو بەڵام بەبێ رەزامەندی بۆیان ناردومەوەو ئەمجارەش سەر لە نوێ دەی نوسمەوەو هەندێ دەستکاری دەکەم‌و دەیدەمەوە بەرەقابە، بەڵام جاری دووەمیش ماوەی چاپکردنیان نەداو لە سەریان نوسیبوو کە بابەتێکی سیاسی‌یەو بلاوکردنەوەی قەدەغەیە.

ئەم مسۆدەیە تا رۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لای من مایەوە، بەڵام لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا داوای مسۆدەکەی کردەوەو وتی لەوەناچێ کە بتوانین دانیشین ئیتر نازانم ئەو دەستنوسە کەوتە کوێ‌وە ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ کە ئەو رۆژە مانگرتنێکی سەرتاپاگیری هەموو کوردستانی گرتەوەو دوای پێنج رۆژ یەکەم گوللەی شۆڕشی ئەیلول بەرووی حکومەتی ئەو سەردەمەدا تەقیوەو شۆڕشی رزگاریخوازی کورد دەستی پێ‌کردو کاکە (عوسمان)یش بەشداری تێدا کردو برینداریش کرا.

کتێبی مێژوویی شۆڕشی دیار بەکر:

لیژنەی ناوچەی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٠داو بە بۆنەی بیرەوەری لە سێدارە دانی (شێخ سەعیدی پیران)و هاوڕێ نەبەردەکانی یەوە کۆبونەوەیەکی فراوانی پێکهێناو یەکێك لە بەشدار بووەکانی ئەو کۆڕە گەورەیە خوالێخۆشبوو (عوسمان عوزێری) بوو کە تێیدا باسێکی مێژوویی سەبارەت بەو بیرەوەری یە خوێندەوەو بابەتەکە لەلایەن ئامادە بوانەوە بەو پەڕی خۆشی و پەسەندی‌یەوە وەرگیراو دەست خۆشی لە نوسەر

کرا. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم نوسەر کەوتە خولیاو سەودای پەیدا کردنی سەرچاوەو بەڵگەی زیاترو سۆراخی بەردەوام، تا بتوانێ باسەکەی فراوانتر بکاتو لە شێوەی کتێبێکی مێژوویی‌دا بەچاپی بگەیەنێ (شۆڕشی دیاربەکر) بابەتێکی بەپێزی لە کتێبێکی خنجیلانەی ٧٤ لاپەرەیی دا ئامادە کردو بە پێشەکی یەکی مامۆستای نوسەر (محەرەم محەمەد ئەمین)ەوە خستە ژێر چاپەوەو بەم دیاری‌یە قەشەنگەی کارێکی تابڵێی پیرۆزو بەهاواری راپەراند.

شۆڕشی دیاربەکر لاپەرەیەکی خویناوای‌و مەرگەساتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی باکوری کوردستانە دژی کەمالی‌یەکان‌و فرت‌و فێڵی ئەتاتورك.

لەم نوسراوەداو بە پێی مەوداو هەل‌و مەرجی ئەو رۆژگارەو دەستکەوتنی سەرچاوە توانراوە کە لەسەرەتاو بنەتای شۆڕشەکەو هۆیەکانی شکستی‌و لەناو چوون‌و ئەنجامی بدوێ‌و هێڵەکانی هەڵچوون‌و داچوونی دیاری بکات‌و بە کۆمەڵێ وێنەی دانسقەوە بخاتە بەر چاوو بەمەیش کارێکی سەنگینی بەئەنجام گەیاند.

لە کاتێکدا کە ئەم کتێبەی عوزێری بڵاوکرایەوە تا ئەو رۆژگارەو ماوەیەکی دواتریش هیچ بابەتێکی سەربەخۆ سەبارەت بەم شۆڕشە مێژووی‌یە بڵاونەکرابووەوە، بۆیە هەوڵی نوسەر لەم بوارەدا دەبێتە بەرکوڵ‌و یەکەم بەرهەمی کوردی سەبارەت بە شۆڕشی باکوری کوردستان.

لێرەدا مەبەستم لەوەنی یە کە ئەم بەرهەمەی عوزێری هەموو کون‌و قوژبنێکی شۆڕشەکەی روون کردۆتەوەو بەڵگە نادیارەکانی خستۆتە روو، بەڵام دەبێ بەپێی ئەو سەردەمەو نەبوونی سەرچاوەی پێویست

کارەکەی نوسەر تابڵێی مایەی پەسەندی و بەرهەمێکی پێشەنگی مێژوویی کوردە.

پێشەکی:

ئەگەر ئێمە سەیری مێژووی کۆن و نزیک بکەین بۆمان دەرئەکەوێ کە نەتەوەی کوردمان چۆن بۆ سەربەستی خۆی و سەربەخۆیی خاکەکەی خۆی بە پەرۆش بووەو خۆبەخت کردنی زۆر لا خۆشتر بووە لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادیدا لەوەی بە کەساسی و کلۆڵی و ژێر دەستەیی بژی، هەر ئاوەهاش بە پەرۆش بووە بۆ سەربەخۆیی و سەربەستی گەلانی دراوسێی، بە هەموو وزەو توانایەکی یەوە لە کاتی تەنگ و چەڵەمەیان دا بە دەنگیانەوە چووەو چەکی هەڵگرتووە دژی داگیر کەرانی وڵاتانی نەتەوەکانی دراوسێی و چۆن لەسەر خاکەکەی خۆی خوێنی پیرۆزی خۆی رشتووە، واش لەسەر خاکی ئەوان بە هەزارەها رۆڵەی خۆی ناشتووە، ئەمە هەڵوێستی نەتەوەکەمان بووەو هەڵوێستی بەرامبەر مەسەلەی سەربەخۆیی و سەربەستی لە هەموو گۆشەیەکی گێتی دا، کە جێگای شانازی و سەربەرزییە بۆ نەتەوەکەمان.

بەڵام داخەکەم پاداشتی ئەم چاکەیەی نەتەوەکەمان و ئەم دڵسۆزی و ئەم دەرون پاکی‌یەی هەر چاوپۆشین و بێ دەنگ بوون بووە لەلایەن ئەو نەتەوانەوە کە لە کاتی تەنگانەدا فریایان کەوتووەو لە دەست کۆیلەیەتی رزگاری کردوون، بەڵکو هەر کە لە تەنگ و چەڵەمە رزگاریان بووەو ئاهیان تێ گەراوەتەوە. رویان وەرگیراوەتەوە بۆ نەتەوەی کوردمان و لە باتی هەموو چاکەیەك بە ئاگرو ئاسن هاتونەتە وێزەی بەتەمای داگیر کردنی وڵاتەکەی و تواندنەوەی خۆی لەناو خوێناندا. وە

نەتەوەکەمان ناچار بووە دەست بداتە چەك وە لە پێناوی پاراستنی خۆی و خاکەکەی خۆیدا بکەوێتە شۆڕشی خوێناوی لەگەڵ ئەوانەی دوێنێ بە تەنیشتیانەوە لەسەر خاکەکەی ئەوان خوێنی خۆی ئەڕشت.

باشترین نمونەی سپڵەیی و ناپاکی و بێ مروەتی کە بەرامبەر نەتەوەی کورد بەجێ هێنرا بێ، کردەوەکانی حکومەتی تورکیای تۆرانی‌یە کە روو رەشی‌یەکە هەتا هەتا لە روخساری ئەو کار بەدەستە خوێنخۆرانە نابێتەوەو هەرگیز بە نەفرەت ئەکرێن.

پاش برانەوەی جەنگی گشتی یەکەم بە شکاندنی ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانی کە ئیمپراتۆریەتە شەق و شڕەکەی عوسمانلی یەکێك بوو لەوان، وە پاش ئەوەی سوپا سەر کەوتووەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیزمی یەکان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی تورکیای لە پەلو پۆ کەوتووی لە نوزە براویان دابوو، وە بۆ ناو جەرگەی وڵاتانی تورکیا ئەکشان و شار بە دوای شاردا لەژێر چەکمەکانیاندا ئەپلیشایەوە. ئالەم کاتە پڕ تەنگ و چەڵەمەیەدا نەتەوەی کورد لە شاخەکانی کوردستانی تورکیاوە لەژێر سەرکردەی سەرۆکەکانیا هاتنە خوارەوە بۆ ئەوەی بچن بە دەنگ مستەفا کەمال و هەڤاڵەکانی تریەوە بۆ رزگار کردنی نیشتمانی هەردوولا (هەر وەکو مستەفا کەمال هاواری کرد) لە دەست داگیرکەرو ئیمپریالیزمەکان.

نەتەوەی کوردی بە شەرەفمان، لەسەر پیشەو رەوشتە بەرزەکەی باو باپیری کە چوونە بە دەنگ زۆر لێکراوانەوە بە چەکی خۆیەوە لەریزی پێشەوەی سوپای مستەفا کەمالەوە بوو بە پێشمەرگە بۆ رزگار کردنی نیشتمان لەدەست داگیر کەرەکان، وە بە هەزارەها رۆڵەی گەلەکەمان بوو بە قۆچی قوربانی لە پێناوی سەربەخۆیی و سەربەستی

تورکیاداو خوێنی لاوی کوردو تورك لە سپێرەکاندا تێکەڵ بەیەك بوون. مەسەلەی جێبەجێ کردنی نەتەوایەتی خۆی جارێ خستەلاوە بە تەمای ئەوەی دوای دەرکردنی هێزی ئیمپریالیزمی لە خاکی نیشتمانی هەردوولا، لەلایەن تورکەکانەوە پاداشتی چاکەی ئەدرێتەوەو ئەگەر هیچ نەبێ لە سنوری دەوڵەتی تورکیادا مافە نەتەوایەتی یەکانی خۆی ئەدرێتەوەو بە برایانە لەگەڵ نەتەوەی تورکدا ئەژین.

بەڵام پاداشتی نەتەوەکەمان چی بوو پاش بڕانەوەی جەنگی سەربەخۆیی و سەرکەوتنی تورکە کەمالی یەکان؟.. ئەو سەرکەوتنەوەی دەستیان نەئەکەوت ئەگەر یارمەتی و پشتیوانی کوردەکان نەبوایە؟؟!..

وە گەڕانەوە لە نەتەوەی کوردو بەندکردن و سزادان و لە سێدارە دانی نیشتمان پەروەرەکانی کورد بوو، کە هەموو خەتایەکیان ئەوە بوو داوایان لە مستەفا کەمال و دەستەو دایەرەکەی ئەکرد بەڵێنی خۆیان بەجێ بهێنن و نەتەوەی کورد لە کوردستانی تورکیادا بەمافە نەتەوایەتی یەکانی خۆی شاد بێ و بە برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلی تورکدا بژی، نەك هەر ئەمە بگرە کەمالی فاشی یەکان دەستیان لەگەڵ دوژمنی دوێنێیاندا تێکەڵ کرد کە فەرەنسا بوو بۆلەناو بردنی کوردی دۆستی گیانی بەگیانی کە هەرە پیرۆزترین خواستی خۆی خستە ئەولاوەو بەستی بەسەرکەوتنی گەلی تورکیاوە بەسەر ئیمپریالیزمەکاندا.

ئەم هەڵوێستە پڕ شورەییەی کەمالی یەکان بەرامبەر نەتەوەی قارەمانمان شتێکە لەهەموو کات و بارێکدا ئەوەشێتەوە و وەشاوەتەوە لە هەموو چینێکی کۆنە پەرستی چەوسێنەری فاشستی کە لەسەر فەلسەفەی رەگەز پەروەری بڕوا بە رێگاوە کە بنجی فەلسەفەی تۆرانی

.... شۆڕشی دیاربەکر ــــــــــ عوسمان عوزێری ....

لەسەر دامەزراوە. ئەو فەلسەفە نابوتە داڕزیوەی نەك هەر سەرنەکەوتووەو سەریش ناکەوێ بگرە زیانێکی گەورەش ئەگەیەنێ بە پێوەندی برایەتی و دۆستایەتی میانەی گەلان.

نەتەوەی کوردمان پاش ئەوەی نەك هەر بێ هیوا بوو مافەکانی خۆی دەست بکەوێ لە سایەی سێبەری حکومەتی کەمالیدا، بگرە بە کردەوە بۆی دەرکەوت کە ئەیانەوێ لەناو نەتەوەی تورکدا بیتوێننەوە، هیچ رێگایەکی تری بۆ نەمایەوە بۆ دەست کەوتنی مافەکانی خۆی رێگای شۆڕشی چەکداری نەبێ، بەم جۆرە نەتەوەکەمان لە پێناوی رزگار کردنی خۆی و کوردستانی نیشتمانی دا وەبەسەرکردایەتی پارتە نیشتمانی یەکانی و رۆڵە نیشتمان پەروەرە دڵسۆزەکانی دەستی دایە خەباتی شۆڕشگێڕی دژی تورانی یە فاشستی یەکان وە لەگەڵ ئەو چەکە پەرپوتەش کە بەدەستی یەوە بوو، وە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزی کەمالی بە باشترین چەکی نوێ لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیزمی یەکان یارمەتی ئەدران. ئەبینی لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزی دوژمن لەگەڵ هێزی کوردە شۆڕشگێڕەکاندا هاوتا نەئەکرا. شۆڕشگێڕە نەبەزەکان.

کورد کونە مشکیان لە سوپای تورك کرد بوو بە عەمارات و کارێکیان پێ ئەکرد با بە دەواری شڕی نەکا. وەهەر چەندە ئەم شۆڕشانە نەگەیشتوون بە ئامانجی گەورە کە رزگارکردنی کوردو کوردستانە لە چنگی کەمالی یە فاشیستیی‌یەکان، بەڵام گەلێ دەست کەوتی گەورەی دەست کەوتووە کە یەکێ لەوانە بەدرۆ خستنەوەی تورکە فاشستەکانە کە ئەڵێن گوایا توانیویانە نەتەوەی کورد بتوێننەوەو کێشەی کورد لە تورکیا نەهێڵن!.

شۆڕشی (دیاربەکر) کە لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٢٥دا هەڵگیرسا بە سەرکردایەتی قارەمانی نەمر (شێخ سەعیدی پیران)و هاوڕێکانی، یەکێکە لەو زنجیرە شۆڕشانەی لە پێناوی رزگار کردنی کوردو کوردستاندا هەڵگیرساوە لە دەست تورکە خوێن مژە فاشستەکان، لەم شۆڕشەدا هەر وەکو لە شۆڕشەکانی تردا قارەمانێتیو خۆبەخت کردنی بێ پایانی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەر ئەکەوێ، لەگەڵ ئەو پەڕی جەردەییو دڕندەییو چەپەڵی دوژمنەکانی نەتەوەکەمان.

هەر وەکو لەم پەراوەدا ئەیخوێننەوە کە شاعیری نیشتمان پەروەری لاو بەراستو رەوانیو شێوەیەکی جوان ئەیگێڕێتەوە، بە بێ گومان ئەم کۆششەی (کاك عوسمان) بەتایبەتی لەم کاتەدا جێگای سوپاسەو تەقدیری هەموو کوردێکی دڵسۆزە کە ویستویەتی نەتەوەکەی بناسێ بە بەشێ لە خەباتە خوێناوییە کۆتایی نەهاتووەکەی لە پێناوی سەربەخۆیی و سەربەستی خۆیدا بۆ ئەوەی لە قۆناغی ئێستایدا ئیلهام لە کردەوە قارەمانێتییەکانی باو باپیری خۆی وەرگرێو لە تاقیکردنەوەکانیان سود وەرگرێ.

نەتەوەی دلێری کوردمان ئەگەر چی هەموو کاتێك ئامادەیە دەستی برایەتی و یارمەتی بۆ هەموو نەتەوەیەك درێژ بکات وە هەموو چاکەیەکی ئەوان بە هی خۆی بزانێ -هەر وەکو مێژوو گەواهە- وە سەربەستیو دیموکراتیەتو ئاسایش پەروەرەو بەشێکی لەیەك دانەبڕاوی ئەزانێ، بەڵام لە هیچ کاتێکدا ئامادە نەبووەو نابێ دەستی لە مافەکانی خۆی بەربدا یا سەر بۆ ئەوانە دانەوێنێ کە ئەیانەوێ بیتوێننەوە. وە کۆششەکانی کەمالیە تۆرانیەکانو ئەو ماڵ وێرانیو سەر گەردانی و خوێن رشتنەی لێ ی وەشایەوە چ لە نەتەوەی کوردو چ

لە نەتەوەی تورك هەموو بەڵگەن کە سیاسەتی تواندنەوە سەری نەگرتووەو سەر ناگرێ، وە ئێمە وا چاوەڕوانمان ئەکرد کە کار بەدەستەکانی تورکیا دوای ئینقلابەکەی ژەنەراڵ کورسیل دەرس لە رابردوو وەرئەگرنو نەختێك روو ئەکەنە راستەقینەو تۆزە مافێك ئەدەن بە نەتەوەی کورد لە کوردستانی بە زۆر بە تورکیاوە بەستراو، بەڵام دیارە ئەمانیش هەر لەسەر رێو شوێنی مستەفا کەمالی مامۆستایان ئەڕۆنو لە فەلسەفە بۆگەنەکەی لانادەنو لە مێژوو دەرس وەرناگرن، بەڵام نەتەوەکەمان سورە لەسەر رێو شوێنی شەهیدە نەمرەکانی بڕوا ئاڵای خەبات دانەنەوێنێ تەنیشت بە تەنیشت گەلی تورکەوە تا رەگو ریشەی رژێمی تۆرانی نۆکەری ئیمپریالیزمی (ئەنگلو ئەمریکی) لە بن دەرئەهێنێو کوردستانی نیشتمانی رزگار ئەکاو ئەگات بە هەموو مافەکانی خۆی.

زۆر سلاو بۆ شەهیدی نەمر شێخ سەعیدی پیران سەر کردەی شۆڕشی دیار بەکری پیرۆز.

مامۆستا محرم محەمەد ئەمین

سلێمانی- ١٩٦١/٣/٤.

وتەیەك

خوێنـــەری شـــیرین ئـــەم چـــەند لاپەرەیـــەی والەبـــەر دەســـتایەو ئەیخوێنیتـەوە چەن دێرێکە لە مێژووی خوێناوی کوردو کوردستان.. باسی قارەمانێتیو نەبەزی و خۆبەخت کردن و چاو نەترساوی نەتەوە نەبەردەکـەمان ئـەکات.. باسـی چـەند رۆژانێکـی خوێنینـە لـە ژیـان و تەمـەنی کوردسـتانی شیرینی دایکمانا. باسـی ئـەو رۆژە رەشـانەیە کـە نەتـەوەی کـوردی پاڵـەوانمان لـەژێر چـنگی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی خوێنخـوارو زۆرداردا بـوو.. باسـی ئـەو کارەسـاتانەیە کـە لـە سـاڵانی جـەنگی گێتـی گـەورەی یەکەمـدا بەسـەر خـەڵکی کوردسـتانی قارەمانـا هاتووە.. لەو رۆژانە ئەدوێ کە نەتـەوەی کوردمـان بە زەیـی بە مسـتەفا کەمال ئەتاتورکا هاتـەوەو بوو بە پەیژە بۆ سەرکەوتن و رزگار بوونی تورکیاو بێگانە دەرکردن، کەچی پاداشتی مستەفا کـەمالی سپڵە ئـەوە بوو بەرامبـەر بـە کـوردو کوردستان کـە لـەم چـەند لاپـەرەیـەی بەردەسـتا ئەیخوێنیتەوە..

وە هـەموو کـوردێکی دڵسـۆزو رەوشـەن بیرو تێگەیشتوش هەست بـەوە ئـەکات کـە پێویسـتە شـارەزای مێـژووی نەتەوەکـەمان بین و وانـەو پەندی لـێ وەرگرین و لـەو تاقیکردنـەوەو کردارانـەی باوباپیرمـان سود وەرگـرین. بەتایبـەتی لـەم قۆناغـەی ئـەمڕۆماناو ئـیتر لەمـەولا بەفـشەو بەڵێنی درۆو فرمێسك رشتنی ساختەی بێگانەو خـەڵکی بـاوەڕ ناکـەین. وە پێویستە تێکڕا ئاوات‌و هیوامان تـەنیا ئـەوەبێ بزوتنـەوەی رزگـاری کوردسـتان بـەهێز بکـەین‌و ئامـانجی کوردایـەتی بکـەین بـە هـەموو مەبەستێکمان‌و تا –رزین– لە پێناویا خەبات بکەین‌و بەخت بین..

هەر ئەو هەستە پیرۆزە بوو کە پاڵی پێوەنام بۆ نوسینەوەی ئەم چـەند لاپەرەیـە لـە شـێوەی وتارێکـا. بـۆ ئـەوەی لـەو کۆبونەوەیـەدا بیخوێنمـەوە کـە لیژنـەی ناوچـەی –بەغـدا–ی پارتیمـان کـردی بـۆ بیرەوەری خنکاندنی شێخ سەعیدی پیران‌و هاوڕێکانی. لە رۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٠دا هـەر دوا بـەدوای ئـەوە خـەریکی لـە چاپدانی بووم بەڵام هەندێ هۆی تایبەتی بوو بەهۆی لەچاپ نەدانی، هەرچەندە چاپ نەکردنیم بە هەل لە دەست چوون زانی (لەو کاتـەدا)بەڵام ئەنجامی زۆر بە باشتر گۆڕا چونکە توانیم هەندێ سەرچاوەی تر بخوێنمەوەو زیاتر زانیاری لەبارەی (شۆڕشـی دیاربەکر)و جۆری ژیـانی نەتەوەکـەمان لـەو سـەردەمەدا پەیدا بکـەم‌و بیخەمـە سـەری.. جگـە لـەوەی ئـەو وێنانەشم دەست کەوت کە گەلێ سود بەخشن، چونکە نـەك هـەر دیمـەنی شوێن‌و کەسـانی قارەمـان‌و رووداوی شۆڕشـەکەمان پیـشان ئـەدەن، بـەڵکو یادگارێکی زۆر پیرۆزن‌و پێویستە هەرگیز پارێزگاریان بکەین.

وەهەروەها لەوەو بەر وتارەکە هەمووی بەسـەر یەکـەوە بوو، لەسـەر پێشنیاری دڵسۆزێك بەو جۆرەی کە ئەبینین کردم بە چەند بەشێکەوە بـۆ ئـەوەی خوێنـدەوارانی خۆشەویـست لـە خوێندنـەوەی سـەرو مـڕی وەرس نەبن.

وەهیوایـەکی زۆر گەورەشـم هەیـە کـە بـە وردی ئـەم ناملکەیـە بخوێننـەوەو هـەموو هەڵوێـست‌و روداوەکـانی بـە قـوڵی لێـك بدەنـەوەو پەندو وانەیەکی ئەو تۆی لێ وەرگرن کە جارێکی تر ئەو هەڵە گەورانە نەیەتـەوە رێمان کە لەمـەوپێش بەسـەر بزوتنـەوەی رزگـاری نیشتمانی نەتەوەکەمانا هاتووە.. وە کەڵك لە باوەڕ پتەوی و نەبەزی و کارامـەیی و خۆبەخت کردنـی باوباپیرمان وەرگرین‌و پـەیڕەوی کردەوە بەرزەکانیان

بکەین‌و ئەو روداوانەش کە شایانی ئەوەن سودیان لێ وەرگرین. بە شێوەیەکی زانیاری‌و فراوانترو روونتر بیسەپێنین و پەیڕەوی بکەین‌و لەسەر ئەو ڕێو شوێنە بزوتنەوەی ئەمڕۆو سبەیمان بەرین بەرێوە لە پێناوی ئامانجە دورو نزیکەکانی کوردو کوردستانا..

ئیتر بۆ پێشەوە.

عوسمان عوزێری

١٩٦١/٢/٧

قارەمانی مەزنی نەبەزی کوردستان
پێشەوای شۆڕشی دیاربەکر
شێخ سەعیدی پیرانی نەمر

شێخ عەبدولقادری نەهری
سەرۆکی کۆمەڵی ئیستقلالی کورد

دکتۆر فوئاد
ئەندامی کۆمیتەی سەروی کۆمەڵی ئیستقلالی کورد

وتارەکە ٢٧

خوشكو برایانی خەبات کەرو خۆشەویست

چەند رۆژێك لەمەوبەر لەم جێگایەدا کۆبوینەوە، بۆ یادو بیرەوەری چوار قارەمانە نەبەزە شەهیدەکانمان (عیزەت، خەیروڵلا، خۆشناو، قودسی) کەلە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا [٦] بە دەسیسەی کاربەدەستانی سەردەمی گۆڕ بەگۆری عێراق ملیان کرا بە پەتا. بەڵام گیانو بیرو باوەڕەکەیان هەر وەکو ئەوانی قۆچو قوربانی کوردو کوردستان لە مێشکی وردو درشتی ئێمەدا. لە دەرونی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا جۆش ئەخواو بۆتە هەستو بیرو باوەڕو هیوا.

ئینجا ئەمرۆش کە ٢٨ی حوزەیرانە، یادێکی خۆشەویستی تری نەمری لە یاد نەچویتەوە یادمان.

یادێکی گرنگی بە نرخ سەر لەنوێ برینەکانمان ئەکولێنێتەوە.

یادێکی هەرگیزاو هەرگیز لەبیر نەچوو گوشتەو زوون بەزامە بزمەتە بەستوەکانمان یەنێتەوە.

---

[٦] لە رۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٠یشا لیژنەی ناوچەی (بەغدا) کۆبونەوەیەکی تری کرد. بۆ یادو بیرەوەری خنکاندنی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانمان لە بارەگای پارتیمان. لەو کۆبونەوەشا وتارێکم خوێندەوە بەو بۆنە پیرۆزەوە. دوایی کرا بە عەرەبیو لە رۆژنامەی (خەبات)ی خۆشەویستی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی نەبەزدا بڵاوکرایەوە لە ژمارە (٢٤٦–ساڵی دووهەم)دا.

یادێکی وا کە هەتایە هەتایە مێژووی خوێناوی کوردو کوردستان لە سەر لاپەڕەی نەخشینە بە نرخەکانی ئەپارێزیو بە زیندویەتی بۆ رۆژگارو دوا رۆژ ئەهێڵێتەوەو نایەڵێت کۆن بێ... ٢٨

یادی قارەمانی مەزنی دلێری خەباتکەری چاونەترساوی نەبەزی کورد (شێخ سەعیدی پیران)و هاوڕێکانی کەوا لە پێناوی رزگاری کوردستانا. لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا بە دەستی کاربەدەستانی فاشیزمی چەپەڵی تورکیای تاوانکەر لە شاری (دیاربەکر)دا ملیان کرا بە پەتا.

یادی ئەو پاڵەوانە چاونەترساوانەی کە هەتا دوا هەناسەیان لە رێی رزگاری گەلە چەوساوەو نیشتمانە دابەش کراوەکەمانا بەخت بوون.

خوشكو برایانی دڵسۆزو بە نرخ زۆر شادمان بووم بەوەی بەم بۆنەیەوە ئەم هەلەمان بۆ رێك کەوت کە باسی هەڵگیرسانو کوژانەوەی ئەو شۆڕشە پیرۆزە بکەین کەوا کەم کەسمان لە چۆنێتی هەڵگیرسانو کوژانەوەی ئەزانین، چونکە کە وەکو ئیمپریالیزمو دەستو پێوەنەکانی کوردستانیان دابەش کرد، جگە لەوەی خوێندەواریو تێگەیشتویەتیو چاوکراوەیی تەشەنەی نەسەند بوو ئیمپریالیزمیش ماوەی نەداوە بەخەڵکی هیچ بەشێکیان ئامۆشۆی یەکتر بکەنو یەك لە یەکتر بگەنو ئاگادارو شارەزای ژیانو دەرامەتی یەکتری بن..

ئینجا ئەوەی کە زۆر باو و دەرکەوتوو بێو مێژووی نەتەوەکەمانی پێناسرابێ ئەوەیە کە لە سەرەتاوە تا ئێستا پڕە لە پەندو وانە (دەرس) وەرگرتن ئەوەش بەهۆی ئەو هەموو جۆرە زۆرداریو چەرمە

سەرییەوەیە كە بەسەر كوردستانەكەمانا هاتووە لەو چەرخە مێژوویانەدا كە پیایا رابردووە.

لێرەدا ماوەی ئەوەمان نی یە باسی هەموو ئەو روداوانە بكەین كە بەسەر نەتەوەو نیشتمانە لەت لەتەكەمانا هاتووەو گشت گۆشەیەكی مێژووەكەمان بگرین، بەڵكو تەنها بە كورتی بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە (بیستو هەشتی حوزەیران) ئەو رۆژەی كە یەتە پێشەوە خەڵكی كوردستان لەلایەكەوە هەموو جۆرە زۆرداریو چەوسانەوەو بێ دەرامەتیو كە نەفتی و بەسەر هاتی نەتەوەكەمانیان بیر ئەكەوێتەوە. وە لەلایەكی كەشەوە ئەوەیان بۆئەبێ بە پەندو زیاتر گەرمیان ئەكات لەسەر خەباتی بێوچانو سوور ئەبن لەسەر وەرگرتنی چارەنوسو مافو ئامانجی خۆیان كە بە سەدان كۆرپەی جگەر گۆشەی ئەم كوردستانە لە پێناویا سەریان نایەوە. ئەڵێم بەم بۆنە پیرۆزەوە لەگەڵ بیرەوەریدا كورتە باسێكی چۆنێتی هەڵگیرسانو كوژانەوەی شۆڕشی دیار بەكر ئەكەین.

كوردو دەوڵەتی عوسمانیو رەگەزی تورك

دەوڵەتی عوسمانی كەناوی (خەلافەتی ئیسلامیەتی) بەسەرا برراو هەموو نەتەوە موسڵمانەكانی كەوتە ژێر دەسەلاتیەوە، زۆربەی ئەو نەتەوانە لە شێوەی ئەمارەتو نیمچە سەربەخۆییەكدا ئەژیان.. لە ریزی ئەو ئەمارەتە ناوخۆییانەی لە ژێر دەسەلاتی (عوسمانی ئیسلامیەت)دا بوون گەلێ ئەماراتی كوردیشیان تیا بووە. ئەمانیش وەك ئەوانیتر نیمچە سەربەخۆییەكیان هەبووە لەكارو باری خۆیاندا.. هەرچەند لە پێشەوە دەوڵەتی عوسمانی بە پێی (شەریعەتی ئیسلامی)و دادپەروەری لەگەڵ نەتەوە ژێر دەستەكانیا ئەجوڵایەوە، بەڵام لە رۆژانی دواییدا كە بگرەو بەردە لە ناوا پەیدا بوو، چاو برسێتیو تەماحیش كەوتە ناوەوە. بەرە بەرە وای لێ هات كە رەگەزێك بە تەنیا دەست بەسەر دەوڵەتا بكێشێو شیرازە تێك بچێت (ئەویش رەگەزی تورك بوو) ئیتر ئەویش كە دەستی لە دەسەلات گیر بوو قرمی لە فراوان كردنی نەتەوەكەی خۆش كرد بەو نیازەی كەتا بۆی بكرێ نەتەوەكانیتر بتوێنێتەوەو بیانكا بە (تورك) بۆ هێنانە دی ئەم نیازە چەپەڵەش كەوتە نێو نەتەوەكانەوە بەكر مەرگەوەر ئاساییانە لە یەكی راست ئەكردنەوەو ئەیكردن بەگژ یەكا.

لەسەر ئەوەشەوە كە دەوڵەتی عوسمانی لاوازو كەم دەست بوو بوو توانای ئەوەی نەبوو دەست بەسەر هەموو ئەمارەتو هەرێمەكانا بكێشێ. وە سوڵتانەكانیش لەبەر ئەوەی تەختو كەشو فشیان لە كیس نەچێ، دەستیان لە پیلانی لەیەك كردنی نەتەوەو عیلەكان

هەڵئەگرت بۆئەوەی لاوازو کەم دەست بن و نەپەرژێنە سەر سەربەخۆیی و یەکێتی و هەست بە هەڵوێستە ناپەسەندەکانی ئەوان نەکەن.

یەکێ لەو هەرێم و نەتەوانە کوردستان و کورد بوو کە لە ئەنجامی ئەم پیلانە گلاوەدا گەلێ دەردی سەری و گیرو گرفتی بەسەرا هات، ئەویش ئەوە بوو کە عێل و عەشایەرە کوردەکانیان لەناو یەکا ئەکرد بەگژ یەکاو لەیەکیان ئەکردن بە دوژمن، یەکێك لەو داردەستانەی ئەیانکردە هۆی دوژمنایەتیان جیاوازی رێی ئاین بوو. گوایە ئەم سوننییەو ئەو شیعەیەو ئەوی تر یەزیدییەو..هتد بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی کوردستان بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیانەوە.

وەجگە لەوەش یەکێ لە سوڵتانەکانی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمید) کەوای لە خەڵك گەیاندبوو خەلیفە جێنشینی پێغەمبەرەو هەر کەسێ لە قسەو فەرمانی دەرچێت کافرو سەلبی سەرەمەرگ ئەبێ وەلەوە زیاتریش تەڵەکەبازییەکی لە جیاوازی رێی ئایینی گەورەتر بەکارهێنا بۆ لەیەك کردنی خەڵکی کوردستان. چونکە خۆی باش ئەیزانی کە کوردەکان زۆر ئازاو چاو نەترسن. ئەگەر کارێکی وانەکات لەیەکیان جیابکاتەوەو بڵاوەیان پێ بکات وەیان نەیانکا بەگژ یەکا لەناو خۆیانا.. زۆر نزیکە لەوەوەی داری یاخی بوونی یەکجاری لێ بگرن بە دەستەوەو فەرمانەکانی بەهیچ نەزانن، لەبەر ئەوە سوڵتان عەبدولحەمید هەڵسا بە دروست کردنی لەشکرێکی گەورە لە عەشایەرەکانی کوردستان لەژێر ناوی "لەشکری حەمدیە"دا، وەهەر سەرەك عەشیرەتەی روتبەیەکی پێ بەخشی و دەستەو دایەرەو خویشەکانیشی کرد بە تیپێك لە لەشکری حەمیدیە.

ئینجا بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستە پیسەکەی روتبەی گەورەتری ئەدا بە سەرەك عەشایەرێك، وە روتبەی بچوکتری ئەدا بە یەکێکی کەیان کە تۆزێك خۆی لەئەویتر بە گەورەتر دەزانی،رێزی زیاتری لە یەکێکیان ئەگرت و ئەویتریانی ئەخستە پشت گوێ، تاکو ئەم ئالمو ساتمە بێتە هۆی رق لەیەك هەڵگرتنیان و لەناو یەکا تێك چونیان، وەبەتایبەتیش ئەو کاتە گیانی خۆ پەرستی و دەسەڵات بوزورگی و خۆدەرخستن لەناو عەشایەرەکانی کوردا زۆر بوو.. بەو جۆرە بە هۆی لەشکری حەمیدیەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی جێنشینی پێغەمبەر داد پەروەری بۆیە کراو.. توانی بگاتە مەبەستەکەی و عەشایەرەکانی کورد بە ئارەزووی خۆی بدات بە یەکاو خوێنی ئەو هەموو کوردانە بکاتە گەردنی، بێ ئەوەی دڵی بۆیان لێ بدات بەڵکو لە جیاتی بەزەیی دەستی خوێناوی بەسمێڵ و ریشیا ئەهێنا، وای ئەزانی بەوە دەوڵەتی عوسمانی و تەختە لە کەللە سەری کورد هەڵپنراوەکەی زیاتر تەمەن درێژ ئەبێ و ئەو نەوەو جێنشینەکانی دوای ئەو بەسەڵتەنەت و کەش و فش و بوزورگی فەرمان رەوای ئەکەن.. بەڵام هەتا ئەهات دەوڵەتی عوسمانی دەردە لەرزو لاوازییەکەی زیادی ئەکردو ئەیدایە باریك و بنیسی و کەللە سەرەکانی ژێر سوڵتان، رزی و کەوتە هەرەس هێنان. تاوەکو وای لێ هات دەوڵەتی عوسمانیان ناونا (پیاوە نەخۆشەکە) کە کاتێکیش دەوڵەتە رۆژئاواییەکان هەستیان بەوە کرد.. هەر چاویان تێ بڕیوەو دانیان بۆ تیژ کرد، هەتا جەنگی گێتی یەکەم هەڵگیرساو دەوڵەتی عوسمانیش شان بە شانی (ئەڵمانیا) دژی دەوڵەتە سوێندخوارەکان کەوتە جەنگەوە.

کوردستان و جەنگی جیهانی یەکەم

بەشی کوردستانیش بە درێژایی ساڵانی جەنگ (١٩١٤-١٩١٨)ی زاینی هەر زەرەرو زیان بوو، دەوڵەتی عوسمانی بەرەش بگیری کەوتە ناو خەڵکی کوردستانەوە ئەوی بە حاڵ دەستی تفەنگی بگرتایە ئەیان گرت و رەوانەی یەکێك لەبەرەکانی جەنگیان ئەکرد، وەکو بەرەی حیجاز، یەمەن، غالیپیا، چاق قەلا، فارس، ئەردەهان سارانامۆش..هتد.

ئیتر بە کورتی کورد لەکاتی شەڕا هەر پێشەنگی بەرەکانی جەنگ بووەو سنگی قەڵغان و سەنگەر بووە. وەلە پێشەوە دەستە گوڵی کوشتن لە کورد کراوە ئینجا ئەوانی تر، بەهیچ جۆرێك ئەو تاوانکارە نامرۆڤە دڵ بەردانە دڵیان بە کورد نەئەسوتاو وەکو بە بەشەریان نەزانن بە دەستی ئەنقەست بە گورگان خواردوویان ئەدان..

بۆ نمونە یەکێك لەبەرەکانی جەنگ کە بەرامبەر بە هێزی روسیا وەستا بوو وە بەبەرەی (فارس ئەردەهان) ناو ئەبرا، لەدوای شەڕێکی زۆر کە زانیان ناتوانن هێزی رووس بشکێنن، لەژێر سەرکردەیی ئەفسەرێکی تورکدا (ئەنوەر پاشا) (٤٠٠٠٠) چل هەزار کوردی شەڕکەریان کۆ کردەوەو ناردیانن بۆ یارمەتی ئەو بەرەیە.

ئەنوەر پاشا کە گەیشتە ئەوێ بۆی دەرکەوت ناتوانێت راستەوخۆ بچێت بەرامبەر بە هێزی روسیا رابوەستێ، چونکە هەر چل هەزار شەڕکەرەکەی ملە تفەگ زیاتر هیچ جۆرە چەکێکی تریان پێ نەبوو، ویستی ئەو هێزە بە چیای (الله اکبر)دا هەڵگێری و لەوەێوە بچێت بەو دیواو لە پڕ هێرش بەرنە سەر هێزی روسیا..لە کاتێکا کە چلەی

زستانیش بوو، وە جگە لەوەی کڕێوەی ئەکرد بەفر لەپشتوێنە زیاتر لە زەویا بوو.. بێویژدانانە فەرمانی بەهەر چل هەزار کوردەکە کرد کە بە چیای (الله اکبر)دا هەڵگەڕێن و لە وێوە بدەن بەسەر هێزی روسیاداو خۆیشی ئەچێت بۆ لای سەربازانی بەرەی (قارس ئەردەهان)کە وان لەشەڕ کردنا، بەناچاری کە نەیان ئەتوانی فەرمانی نەك ئەفسەرێك ژەندرمەیەکیش بشکێنن، بە چیای (الله اکبر)دا هەڵگەڕان.. بەڵام سەرماو زوقم و بەفرو کڕێوەو باوو بۆران نەیهێشت لە ناوەراستی چیاکە زیاتر سەرکەون، هەموویانی لەگۆ خست و بە جارێ رەق بونەوە. هەتا ئەڵێن زۆربەیان کە رەق بونەوە بە تفەنگەکانیانەوە وەکو پەیکەر رەق وەستابوون. لەو چل هەزار کەسە تاقیان سەریان نەهێنایە دواوەو چل هەزار خێزانی کوردی بەسەزمانیان توشی ئاوارەیی و بێکەسی و جەرگ بڕاوی و بێ دەرامەتی کرد.

ئەمە نمونەیەکی بچوکە لە کردەوە ناڕەواو ناشیرینەکانیان کە بەرامبەر بە کورد کردویانە، خۆ ئەوە کوشتن و بڕین و سەرەو نگون کردنیش با لەولاوە بوەستێ..

کوردستانی قارەمان

وەکاتێکیش جەنگ بڕایەوەو بە شکاندنی ئەڵمانیا کۆتایی هات دەوڵەتی عوسمانیش کە کلکی ئەڵمانیا بوو بێ دەسەڵات مایەوە.. سەرکەوتوانی جەنگ فەرەنسا، ئینگلتەرە، ئیتاڵیا، یۆنان (سوێند خوارەکان)لە بەرواری ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ی زایینی دا لە (وەرسایل) کۆبونەوەو بڕیاری وەستاندنی جەنگیان داو (مەرجەکانی ئاشتی) یان مۆر کرد.. لە دوای ئەوەش دەستیان بەسەر وڵاتانی عوسمانیا گرتو لەناو خۆیانا کردیان بە چەند پارچەیەکەوە.. وە هەر لە ئەیلولی ١٩١٨دا پاش مۆرکردنی مەرجەکانی ئاشتی، پەیمانی (مۆندوروس)یان بە دەوڵەتی عوسمانی مۆر کرد کەوا چەك دابنێو مل کەچ بێو هەرچی چەكو فیشەك هەیە لێ ی وەرگرنو سوپای عوسمانی بڵاوە پێبکات.. بە ناچاری دەوڵەتی عوسمانی کە تەنیا ئەستومبوڵی بە دەستەوە مابوو، سەری بۆ بەندەکانی ئەم پەیمانە دانەواند. بەڵام سوێند خوارەکان بەوەش دەست بەرداری نەبوون لەشکریان ناردە ئەستەمبوڵو داگیریان کرد، دەوڵەتی عوسمانی ئەو تۆزەی کە مابووی هەر بەناو بوو ئەگینا کارو باری بەدەست لێپرسراوی ئەو لەشکرەوە بوو کە رژابووە ئەستەمبوڵەوە.

بەڵێ بەو جۆرە دەوڵەتی عوسمانی چەکی دابەدەستەوەو لەشکری بڵاوە پێ کرد لەسەر بڕیارەکانی (موندوروس) بەڵام کوردستانی قارەمانو گەلە نەبەزەکەی لەسەر ئەو هەموو گێرمەو کێشەشدا سەریان بۆ ئەم پەیمانە دانەنەواندو چەکیان دانەناو پارێزگاری سنوری خۆیان

کردو نەیان هێشت کەس بێتە ناویانەوە دەستیان بەسەرا بگرێ. هەموو بڕیاریان دا کە هەتا دوا کەسیان بجەنگن بەرامبەر دوژمنو سەردانەنەوێنن.. بەو جۆرە کورد هەر وەکو رۆژانی پێشووی نیمچە سەربەخۆییەکەی هەبوو لە کارو باری ناوخۆدا.

کاتێك سەرکەوتوانی جەنگ ئەمەیان زانی و لەو کاتەشدا وری جەنگ بوونو نەشیان ئەویست مەرجەکانی ئاشتی بشکێنن.. ویستیان ئەوە لە کورتی ببڕنەوە لەبەر ئەوە بە پێی رێکەوتنێك لەگەڵ گەورەکانی کوردا لیژنەیەکیان دروست کرد لەژێر ناوی (لیژنەی پاراستنی شارەکانی کوردستان)[7] کەوا پێویستە شارەکانی کوردستان بپارێزرێو کەس هێرشیان نەباتە سەر، وە بۆ پاراستنی ئەمەش کورد هەرچەکی خۆی دانانێ، ئەوانیش بەوە قاییل بوون بەو مەرجەی کوردەکان بەرۆکی کەس نەگرنو لە جێ ی خۆیان دانیشن.

هەستی نەتەوایەتی

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دوا بەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دەوری دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی هات.. بەڵکو ئەو پاشماوەیەی کە لە پێشەوە باسمان کرد لە ئەستەمبوڵا مابوو، وە دەوڵەتی سوێندخوارەکان دەستیان بەسەرا کێشا بوو بە (حکومەتی ئەستەمبوڵ) ناو ئەبرا.. لە ئەنجامی ئەمەشا ئیتر ئەوە نەما کە هەموو

---

[7] تۆرانیی‌یەکان هەرگیز دەمیان گۆناکات بڵێن کوردستان، بەڵکو هەر پێی ئەڵێن (ولایەتی شەرقیە)هەتا بەو لیژنەیەشیان ئەوت (لیژنەی پاراستنی شارەکانی رۆژهەلات).

نەتەوە موسڵمانەکان لەژێر دەستی یەك دەوڵەتا بن لەباتی هەستی ئایینی هەستی نەتەوایەتی هاتە گۆڕەوە، وەهەر نەتەوەی لە ئاستی خۆی هەوڵی ئەدا حکومەتێکی نەتەوایەتی نوێ بۆخۆی دابمەزرێنێ ئەم باوەڕەش لەناو هەموو نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانی دا بڵاوبۆوەو هەوڵیان ئەدا بۆ هێنانە دی ئامانجە نەتەوایەتیەکانیان.

نەتەوەی کوردیش کە یەکێك بوو لەو نەتەوانە، هەستی بە قەوارەی نەتەوایەتی خۆی و پێویستی دامەزراندنی حکومەتێکی نەتەوایەتی سەربەخۆ کرد، بۆیە خەباتی خەڵکی کوردستان لەو چوار چێوەیە نەئەچووە دەرەوەو هەر بەوەشەوە بەسترا بۆوە، لیژنەی پاراستنی شارەکانی کوردستانیش ئەوەی زۆر باش ئەزانی و لێ ی روون بوو.

لەو لاشەوە تورکەکان هەستیان بە نەگەیشتنە هیواو دڵ شکاوی کرد، دەستیان ئەدا بە دەستو ئەژنۆدا کە دەوڵەتی عوسمانی لەژێر چنگی خۆیانا بوو، وە خەریك بوون بەهۆی ئەوەوە نەتەوەکەیان فراوان بکەن بەوەی نەتەوەکانی تر بتوێننەوەو بیان کەن بە تورك، کەچی ئەویش هەر قاوغەکەی ماوەتەوەو لە ئەستەمبوڵ دانراوەو سوێندخوارانی جەنگ بە ئارەزووی خۆیان هەڵمەقۆی پی ئەکەن. لەبەر ئەوە هەر چاوەڕێی ئەوە بوونو پەلیان ئەکوتا کە بچنەوە دۆخی جارانیان و نەتەوەکانیان بکەوێتەوە ژێر چەمۆڵ، سوێنحۆرەکانی جەنگیش هەوای سەرکەوتوویی دابووی لە کەڵلەیان بە ئارەزووی خۆیان حکومەتی ئەستەمبوڵیان ئەرڕانی، وە هەروەها خەڵکی ئەو ناوەیان بەژێر کەوتوو سوك تەماشا ئەکردو بەداخی ڕۆژانی جەنگەوە تا بۆیان بکرایە ئەیان چەوساندنەوە هەتا وای لێ هاتبوو خەڵکی

لەژیانی خۆیان وەرس بوو بوون، وە چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد دەستێك لەم تاریکایی و ناخۆشی یە دەریان بێنێ..

تورکەکانیش ئەوەیان بە هەل زانی بۆ هێنانە دی ئامانج و مەبەستەکانیان بۆ ئەوەی بە زۆر ناتوانن بە فڕو فێڵ و تەڵەکە بازی بگەنە ئەو پلەیە، لەژێر ناوی نیشتمان پەروەریدا ئەویش ئەوە بوو کە هیچ هیوایەکیان بە حکومەتی عوسمانی نەمابوو کەوتنە خۆیانو خەڵکیان لە خۆیان کۆئەکردەوە بۆ رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ..

ئەو بزوتنەوەیە کە چەند ئەفسەرێکی عوسمانی ئەیان برد بەڕێوە بە تایبەتی لە (ئەنادۆڵ)، کە کردبویان بە چەقی بزوتنەوەکەو (مستەفا کەمال) کە لەلایەن حکومەتی ئەستەمبوڵەوە کرابوو بە پشکێنەری گشتی سوپایی، لەگەڵ ئەوەشا یەکێ بوو لە لێپرسراوو بەرێوەبەرانی بزوتنەوەکە، بەو جۆرە لەرێی تورکایەتیدا تێ ئەکۆشان هەتا وای لێ هات دەوڵەتی عوسمانی ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٩١٩دا بەتەواوی پێ ی زانی لەبەر ئەوە فەرمانی لە سوپا دەرکردنو خنکاندنی چوار پێنجێك لەو ئەفسەرە تورکانەبدا کەسەرکردەی ئەو بزوتنەوەیە بوون، ئەو چوار پێنج کەسەش کە دامەزرێنەری ئەو بزوتنەوەیە بوون لەبەر ئەوەی تەشەنەیان بەو بیرو باوەڕە نەسەندبوو و هەر لە دڵی خۆیان و چەند کەسێکی کەما بوو واتە هێشتا نەبوو بووە بزوتنەوەیەکی جەماهیری، لەبەر ئەوە کە کاتێك فەرمانی خنکاندنیشیان درا کەسیان لە پشتەوە نەبوو، یەکێ لەو ئەفسەرانە "مستەفا کەمال ئەتاتورك" بوو هەر چەند لێکیان دایەوەو سەریان هێناو برد هیچ روناکی یەکی تریان بەدی نەکرد لە کوردستان زیاتر. کە خەڵکی کوردستان ئەتوانن نەك هەر داڵدە

بەڵکو یارمەتیشیان بدەن لە هێنانە دیی ئامانجەکانیانا.. بەناچاری بەرەو کوردستان کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی بە برایەتی کوردو دراوسێ یەتی لەگەڵ نەتەوەی تورکا چارێك بۆ خۆیان و بزوتنەوەکەیان بدۆزنەوە.

ئەوەی کە وەك نوێنەری سەر شانۆ دەورێکی ناپەسەندی و چەپەڵی و فێڵبازی و سپڵەیی بینی و توانی نازناوی (ڕێویە فێڵبازەکە) وەرگرێ (مستەفا کەمال)ی ئەفسەری دەرکراوو فەرمانی خنکاندن بەسەرا درا بوو.

بەڵێ دوای ئەوەی کە کونە مشکی لێ بوو بوو بە قەیسەری و نەیئەزانی بۆ کوێ بچێت و هیچ شوێنێکی بەدی نەکرد کوردستانی لانەی شێران نەبێ کە ئەتوانێ داڵدەی هەزارانی وەك ئەوان بدات.. بە هەر حاڵێك بوو توانی لە ئەستەمبوڵ رابکاتو خۆی بخاتە پاپۆرێکەوەو بگاتە شاری (سامسۆن)، وە لەوێوە خۆی گەیاندە شاری (ئەرزرۆم). کە گەیشتە شارەکەی کوردستان ئیتر هەناسەی حەوانەوەی هەڵکێشا، چونکە ئیتر کەس ناتوانێ بە دوایا رابکاتو راوەدووی بنێت.

بەو جۆرە خۆی خستە باوەشی گەلی کوردەوە، ئەو گەلەی کە بەزەیی پیا هاتەوەو گرتیە خۆی، ئەو گەلەی کە زۆر بە پەرۆشە بۆ یارمەتی دانی هەموو کەسو خەڵکێکی ئازادیخواز.. مستەفا کەمالیش کە خۆی و بزوتنەوەکەی بە نیشتمان پەروەر دائەنا، بۆیە کە گەیشتە (ئەرزرۆم)و چووە لای گەورەکانی کورد سۆزی راکێشان و لەگەڵیان ڕێکەوت، بە گەرماو گەرمی کۆنگرەیەکیان لە تەموزی (١٩١٩) دا لە "ئەرزرۆم" بەست، مستەفا کەمال بیۆرێکی[8] داو وتی (..ئێمە کوردو

[8] یۆر: خطبة.

تورك براین، لەسەر ئەم خاکە پێکەوە خوێنمان رژاوە.. ئەمڕۆ هەردوولا یەك دوژمنمان هەیەو یەك زۆردار ئەمان چەوسێنێتەوە.. بۆیە پێویستە هەموومان وا هەست بکەین پێویستیەکی لەوە گەورەترمان لەسەر شانە کەهەر نەتەوەمان بۆ خۆی بە جیا تێ بکۆشێ.. وە پێویستی سەر شانی ئێمە تەنیا رزگاری تورکیاو پێویستی سەرشانی ئێوەش تەنیا کوردستان نیە بەڵکو پێویستی سەر شانی هەموو لایەکمان رزگاری ئەم ولاتەیە کە تورکو کوردو ئەرمەنی و نەستوری و گەلی کەمایەتیتری تیایە.. وەهەر کاتێك بە هەموومان توانیمان ئەم وڵاتە لە بێگانە پاك بکەینەوە، ئەوە قسەیەك نیە دووجار بیکەینەوە کوردستان مافو چارەنووسی خۆی وەرئەگرێ و تورکیای دەستەخوشکیشی ئەکاتە ئامانج و کەمایەتی یەکانی تریش ژیانێکی ئاسودەو بی زۆرداری ئەبەنە سەر..).

ئەم قسە هەنگویناویانە کە لە کۆنگرەی ئەرزرۆمدا کردی دڵی کوردەکانی بەلای خۆیا راکێشاو بەتایبەتی کە کوردەکان تینوی ئازادیو سەربەخۆیی بوون قسەکانیان پەسەند کردو بریاریاندا قۆڵ بکەن بە قۆڵی (ئەتاتورك)دا لە پێناوی ئازادیو رزگاریو سەربەخۆییدا.

مستەفا کەمال بەو شێوەیەی کە خۆی بە سوپایی ئەزانی وەك (بەرگری میللی) مەشقی بە خەڵکی کوردستان ئەکردو فێری هەموو کردەوەیەکی سوپاییو جەنگی ئەکردن، ئەو کردەوانەو وریایی مستەقا کەمال وای لە کوردەکان کرد کە گوێ بۆ ئامۆژگاریو ڕێ دانانەکانی شل بکەنو ڕێزی لێ بگرن.

ئەتاتورك ویستی بچێت بۆ سیواس بۆئەوەی خەڵكی ئەوێش ببینێو توندیان بكاتەوە، كوردەكانیش چەند لاوێكی كارامەیان خستە تەكی بۆ پاراستنیو كە نەهێڵن بەردەستی ژەندرمەكانی عوسمانی بكەوێتەوە.

ئەوە بوو لەوكاتەدا كەلە (ئەرزرۆم)ەوە چوو بۆ (سیوا) حكومەتی عوسمانی بەمەی زانی بوو، ژەندرمەكانی رێیان پی گرتن، بەڵام كوردە چاپوكەكان لەگەڵیان كەوتنە جەنگەوەو بەرەنگاری ژەندرمەكانی عوسمانی بوونو ئەتاتوركیان پاراستو رزگاریان كرد.

بەو جۆرە گەیشتە (سیواس) پاش چەند رۆژێك لە سیواسیش كۆنگرەیەكی تریان بەستو لەگەڵ گەورەكانی كوردا بڕیاری شۆڕشیان دا.

سەرکەوتن و سپڵەیی

كە كاتێك ئەمان كەوتنە خۆیان بۆ جێبەجێ كردنی بەندەكانی كۆنگرەی (سیواس) لەو لاشەوە سوێندخوارەكان (یۆنان، ئیتالیا، فەرەنسە، ئینگلتەرە)یش یارمەتی عوسمانی (حكومەتی ئەستەمبوڵ)یاندا.. بەڵام چونكە ئەمان "كوردو تورك" لە بڕوایەكی بەهێزەوە هەڵسان بە شۆڕش گوێیان نەدایەو بەرەنگاری هەموو دوژمنەكانی راوەستان.

لەم شۆڕشەدا هێزی جگەر سۆزانی نەبەزی كورد لە ناوچەی (ماردین، ئورفە، غازی عەنتەب، مەراش)دا بە جەنگی چەتەیی هێزەكانی فەرەنسەو یۆنانو ئیتالیایان چەواشە كردو شكاندیانن.. ئیتر هێزی پیاوە نەخۆشەكەش بێ دەسەڵات مایەوە، لە پاش ئەوە ئەتاتورك لە سیواسەوە لەگەڵ نوێنەرەكانی كوردستانا چوون بۆ (ئەنقەرە) لەوێ لە رۆژی ٢٣/نیسانی ١٩٢٠دا پەرلەمانێكی میللییان دامەزراند (زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانەكە كورد بوون) دانیان بە حكومەتی ئەستومبولا نەئەناو هەوڵیان ئەدا ئەو تۆزە هەناسەیەشی تیایا ماوە بیبڕنو لە شوێنی خۆیا بیتاسێنن، وە هەر لەو رۆژەشا ئەتاتورك یان هەڵبژارد بە بەرێوەبەرو سەرۆك كە كاتێك سویندخواران ئەمەیان زانی و بۆیان دەركەوت كە بەرژەوەندیان لە لەق بونایە (پەیمانی سیڤەر)یان لە

ڕۆژی ١١ی مایسی ١٩٢٠دا نوسیو (مسیۆ ملیران) نوێنەری وڵاتە سوێندخوارەکان بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی ئەستەمبوڵ عوسمانی مۆر کرد کە بریتی بوون لە (فەرید پاشا، ڕاوێژکەری وەزیران بوو) و فەریق هادی پاشا سەرۆکی ئەرکانی جەنگو (ڕەشاد خالص بەگ) ڕاوێژکاری دەرەوە، لە دوایدا مسیوملیران بۆ بڕیاری کۆتایی دای بەسەر (تۆفیق پاشا)دا کە سەدری عەزەم (سەرۆك وەزیران) بوو پێی مۆرکرد، کە لە بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤)[9] دا مافو چارەنوسی کوردستان ئەدات..

[9] لەهەر سێ بەندەکەی پەیمانی سیڤەرا کە لە ١١ی مایسی ١٩٢٠دا مۆر کرامافی کورد بەم جۆرەی خوارەوە باس کرا:

بەندی ٦٢: لیژنەیەك پێك دێ لە (٣)سێ ئەندام لەلایەن ئینگلیزو فەرەنسەو ئیتالیاوە بۆ دانانی کوردستانێکی سەربەخۆ کە سنوری لە ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە دەست پێ دەکات تاکو سنوری خواروی ئەرمینیا، تاکو سنوری سوریاو میزۆپۆتامیا، وە ئەو لیژنەیە ئەوە تەرخان ئەکات کە کەمایەتی‌یەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستانی داهاتوو بە تەواوی دڵنیا بنو لە ژێر باڵی ئاسودەییو پارێزگاریان بن.

وە هەروەها ئەبێ لەو کاتەشا کوردستان لە هەموو هێرشێکی ئەرمەنیو ئاسوریو نەستوریو کەمایەتی‌یە ئاینی‌یەکانیتر بپارێزێ..

بەندی ٦٣: حکومەتی تورکیا یان ئەستەمبول هەرچی ئەو لیژنەی سەرەوە دانی پێدا ئەنێ کە لە بەندی (٦٢)دا باس کراوە پێویستە تا ماوەی (٣) مانگ دانی پیا بنێو بەڵێنی بەجێ هێنانی ئەو بڕیارانە بدات.

بەندی ٦٤: تا ماوەی ساڵێك ئەگەر هاتوو زۆربەی کوردەکان لەو سنورەوە کە لە بەندی (٦٢)دا باس کراوە، ویستیان سەر بەخۆ بنو لەتورکیا جیا بنەوە، داواکەیان بدەن بە (کۆمەڵی نەتەوەکان-عصبە الامم) وە لە کاتێکا کۆمەڵی نەتەوەکان لەو باوەڕەدا بێ کە کوردەکان هەڵی ئەگرن سەربەخۆیی‌یان بدرێتێ، ڕاسپێری ئەمە

هەرچەند پەیمانی سیڤەر مۆر کراو بڕیاری لەسەر درا، هیچ ڕێی لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا نەگرت بەڵکو خێرا خێرا داوای لە گەل ئەکرد کە یەك گرنو بجەنگن بۆ دەرکردنی بێگانە، هەتا ئەهات هێزی بەرگرییو بزوتنەوەی ڕزگاری بەهێزتر ئەبوو، وە هەتا ئەهاتیش ئەستێرەی ئەتاتورك لە گەشە تر بوو..

بەو جۆرە خەڵکی وڵات بە پیر ئەم بانگەوەو وڵات سەرکەوت. وە گەلی کورد بوو بە پەیژە بۆ ئەم سەرکەوتنە. بەوە داوای خۆی وەستێنرا کە هێشتا دوژمن لە چوار لاوە دەمی بۆ کۆمارە ساواکەیان داچەقاندووە پێویستە کوردەکان جارێ ئەم داوایە دوا بخەن هەتا تۆزێك کۆمارەکەیان خۆی ئەگرێو ئەچەسپێ..

وەکو لە ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢دا عوسمانی یەکان نەمانو پیاوە نەخۆشەکە لە حەوت ساڵان ڕاست بووەوەو ئینگلیز لە ئەستەمبوڵ کرایە دەرەوەو لە هەموو لایەکەوە دانیان نا بە کۆماری تورکیادا.. کۆماری تورکیا بە تەواوی بناغەی داڕشتو چەسپاو حکومەتێکی بەهێزی کۆکی لێ دەرچوو..

وردە وردە کاربەدەستانی کۆماری تورکیا ئاراستەی کارو باوەڕیان بەرامبەر بە کورد گۆڕرا. وە لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣دا بە تەواوی دەریان خست کە نەك تەنانەت مافی کورد نادات، بەڵکو هەر دانیشی پیا نانێتو بۆ توانەوەی هەوڵ ئەدات..

بکات بۆ جێبەجێ کردنی، تورکیا هەر لە ئێستەوە بەڵێن ئەدا بە جێبەجێ کردنی ئەو ڕاسپێری‌یەو دانی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد، وە واز لە هەموو مافێکی بێنێ لە کوردستانا.

بۆ راستی ئەوەش جگە لەوەی پڕو پاگەندەی لە دژی پەیمانی سیڤەر ئەکرد کە بەندی (٦٢،٦٣،٦٤)دانی بە مافی کوردا ئەنا گوایا ئەمە هی زەمانی عوسمانی یەو کۆنەو بە کەڵك نایەت و، لەگەڵ دەوڵەتە رۆژئاواییەکاندا رێکەوت و پەیمانی سیڤەریان گۆڕی بە پەیمانی (لۆزان) کە بە پێچەوانەی پەیمانی (سیڤەر)ەوە بوو، لە باتی بەرز کردنەوەی کوردو دان نان بە مافەکانیا بە ناخا ئەیبردە خوارەوەو هەرچی گەلای ئەو گوڵی هیوایەی لە باخچەی پەیمانی سیڤەرا هەبوو رویدابوو پەیمانی لۆزان وەك رەشەبا هەمووی هەڵوەران.

وە جگە لەوەش لە بەندی (٨٨)ەمی

یاسای بنچینەیی دەستوری تورکیادا ئەوە ئەخاتە روو کە هەر دان بە کوردا نانێت کە ئەڵێ: (... ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر سایەی حکومەتی تورکیادا ئەژین، بێ گوێدانە ئایین و نەتەوایەتیان هەموو بە تورك ئەژمێررێن..).

کۆمەڵی ئیستقلالی کورد

کە کاتێ مستەفا کەمال ئەتا تورك، لە جیاتی ئەوەی چاکەی کورد بداتەوە، ئاوا، سپڵە دەرچوو. لە باتی ئەوەی ئەوەی لەبەر چاو بوایە کە کوردەکان نەبونایە هەر لە ساڵی ١٩١٩ەوە کرا بوو بەدارا.. بەو جۆرەی دەربارەی گەلی کورد کردو وەها چاکەی دانەوە!.. خۆی فرێ دایە باوەشی تورانیەت و شۆڤێنی یەتی تورکی یەوەو بێ درێخی کردن هەوڵی ئەدا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد.

کوردەکان ئەوسا ناچار بوون کەوا لەوە زیاتر سەر شۆڕ نەکەن کە حکومەتی تورکیا بە خوێنی ئەوان دامەزرابێ، ئەوان نەبونایە ناوی لە کولەکەی تەریشدا نەبوو.. لە جیاتی چاکە دانەوە بەو جۆرە دەربارەی کورد ئەکەن.. گەورەکانی کورد لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣دا کۆبونەوەو (کۆمەڵی ئیستقلالی کورد)[10] یان دامەزراند، یەکەم ئامانجیان رزگار

[10] لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کۆمەڵی تەعالی کورد بە پێشەنگی شێخ عەبدولقادری نەهری، یوسف زیا، خالد پاشای جیری، شێخ سەعیدی پیران، دکتۆر کەمال، دکتۆر فوئادو گەلێکیتر لە جگەر سۆزانی کورد دامەزرا بوو بە تێکەڵاو

کردنی کوردو کوردستان بوو لەژێر چنگی ئەتاتورکو ژەندرمەکانی.. لە ژێر باری چەوسانەوەو کولە مەرگیدا.

لەپاش ئەوە لقیان لە هەموو لایەکی کوردستانی بە تورکیاوە بەستراودا کردەوە. وە لەبەر ئەوەی (کۆمەڵی ئیستقلالی کورد) ببێتە پارتێکی جەماهیریو بە تەواوی بتوانێ پێشڕەوی خەڵکی کوردستان بکات. کۆمیتەی دامەزرێنەر کۆبونەوەو بە وردی لەوەی کۆڵیەوە کە چۆن (کۆمەڵی ئیستقلالی کورد) ئەگاتە ئەو رادەیەی بە تەواوی لە ناو دڵی خەڵکی کوردستانا ئەچەسپێو جێگیر ئەبێو ئەبێتە بڕوایەکی نەمر. لێ یان روون بوو تا ئەگاتە ئەو پلەیە چەن ساڵێکی ئەوێ. لێکیان دایەوە کە ئەتوانن بە تەواوی پاش (٣) ساڵ هەڵسن بە شۆڕشو کوردستان رزگار بکەن، لەبەر ئەوە بریاریاندا کە لە ساڵی ١٩٢٦دا هەڵسن بە شۆڕشو تا دوا تنۆك خوێنیان چەك دانەنێن، یان مردن یان رزگاری کوردستان..

ئەم بڕیارە لە کۆمیتەی دامەزرێنەر (سەرو)ی کۆمەڵی ئیسقلالی کوردەوە درا.. وە لێپرسراوی لقەکانیشیان بەوە ئاگادار کردو داوایان لێ کردن کە زیاد لە پێویستی هەوڵ بدەنو خەبات بکەن..

بەو جۆرە (کۆمەڵی ئیسقلالی کورد) ئالای خەباتی بڵندو بەرز کردەوە، بۆ ئەوەی شەماڵی کوردستان لەسەر چیاو دۆڵو دەشتو

بوونی کوردەکان لەگەڵ ئەتاتورکا وازیان لێ هێنا، لە دواییدا کە ئەتاتورك بەو جۆرە سپڵە دەرچوو هەمدیسان ئەم کۆمەڵەیان پێك هێنایەوە لەژێر ناوی (کۆمەڵی ئیسقلالی کورد)دا، واتە کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد.

شارو دێهاتەکانی کوردستانا بیشەکێنێتەوە لە ژێر ئاڵاکەیا بەرەو رزگاری هەنگاو بنێن..

کۆمیتەی سەروو ئیتر بە هەموو جۆرێك پەلی کوتاو هەوڵی ئەدا، بۆ ئەوەی هەتا ئەو سێ ساڵە را ئەبورێو کاتی شۆڕش دێت یەکێك لە دەوڵەتە گەورەکان بکات بە دۆستی کوردو لە کاتی شۆڕشدا یارمەتی بدات..

کابرایەکی گەرو کێش کە هەمیشە لەوناوەدا ئەگەڕاو خۆی بە کاربەدەستێکی ئینگلیزی نیشان ئەدا.. لە ئەنجاما توانی پەیوەندی لەگەڵ (کور سەعدی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵایەیدا بکاتو لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ بکات.. هەتا بۆ باس کردنی ئەو مەسەلەیە بڕیاریاندا کۆبونەوەیەکی دورو درێژی دوو بە دووی بۆ بکەن. ئەو بە ناوی دەوڵەتی ئینگلیزەوە ئەمیش بەناوی (کۆمەڵی ئیسقلالی کورد)ەوە.. لەسەر ئەو بڕیارە کۆبونەوە کور سەعدیش هەرچی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵ هەبوو لەگەڵ تاکتیكو نەخشەی ئەو شۆڕشەی ئەکرێو کاتی دەست پێ کردنی هەموو دا بە کابرای گەرۆك لەگەڵ گشت نهێنی یەکانیا، ئەویش بەڵێنیدا بەناوی مام ئینگلیزەوە کەوا بە هەموو توانایەکیانەوە یارمەتی شۆڕشەکە بدەن، پاش ئەوەی کۆبونەوەکە کۆتایی هاتو کورسەعدی گەرایەوە، ئەویش کە گورگ بوو لە پێستی مەرا، سوكو باریك هەستا چوو بۆ لای ئەتاتورك (چونکە خۆی تورك بوو بەفێڵ خۆی کردبوو بە گەروکیکی ئینگلیزی[11] هەرچی نهێنی و ئەو زانیاریانەی لە کورسەعدی وەرگرت) تەنانەت ناوی

١١

کۆمیتەی سەرو ئەندامە دەرکەوتووەکانیشی خستە بەر دەستی مستەفا کەمال.

بەو هەڵە گەورەیەی کۆمیتەی سەرو کۆمەڵ، کاربەدەستانی حکومەتی فاشیزمی تورکیا توانیان هەموو نهێنیو نیازەکانی کۆمەڵیان دەسکەویو تاکتیکو ڕێ ڕەوەکانیشیان لا روون بێتەوە..

ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی حکومەتی تورکیا زیاتر خۆی گورج بکاتەوەو لە کورد بدات، بەڵام کەزانی (کۆمەڵی ئیستقلالی کورد) لقی لە ناوچەکانی کوردستانا فریداوە، نەیویست خەڵکی کوردستان لەخۆی بوروژێنێ لەبەر ئەوە بە بەهانە پێ گرتن لە ژێرەوە یەکە یەکە ئەو کوردانەی گیانێکی کوردایەتیان تیا بوایە ئەیگرتنو ئەی خستنە بەندیخانەو ژێر سزا دانەوە.. بەڵام وەك رصوی تەڵەکەباز هیچ دەستی لە کۆمیتەی سەرووی کۆمەڵی ئیستقلالی کورد نەدا، وە مەبەستیش لەوەدا ئەوە بوو کە کۆمیتەی سەروو جارێ هەست بەوە نەکات کە نهێنییەکانی کۆمەڵ زانراوە، تاکو حکومەت بە پێی ئەو ڕێگایەی بۆ کاربەدەستانی داناوە بنکەی کۆمەڵ لاواز ئەکاتو ئەندامە بەکەڵکەکانی ئەگرێ ئەوسا کۆمیتەکە بگرێ، چونکە سەرو لەسەر بنکە وەستاوە، کە بنکەش لاواز بوو کۆمیتەی سەرو بێ دەسەڵات ئەمێنێتەوە، یان دوور نەڕۆین بەکلاوێك ئەگیرێ.

چۆن شۆڕش بەرپا بوو؟

بەو جۆرەو لەسەر ئەو پیلانەی کە باسمان کرد حکومەتی ئەتاتورك دەستی کرد بە گرتنو چەوسانەوەو سزادانی خەڵکی کوردستان بەشێوەیەك لە سنوری مرۆڤایەتی دەرچوو بوو، وە لەگەڵ ئەوەشا هەر بەردەوام بوو..

لەو لاشەوە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵی ئیستقلالی کورد ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نەبوو، وای ئەزانی کە ئەو هێرشو خەڵك گرتنانە هەر لە زۆرداری و چەوسانەوەکەی کۆنیانە کە پاڵی نا بەمانەوە بۆ دروست کردنی "کۆمەڵێکی نهێنی" ئەمان بە باوەڕی خۆیان وایان ئەزانی هیچ جۆرە شتێك لەسەر ئەوان نییەو نایان گرێتەوە، بۆیە هەمیشە بێ گوێدانە سیاسەتی حکومەت کارو باری لقەکانی کۆمەڵو پەیوەندیان هەر وەکو جاران وابوو. وە بەباشی لە یەکتر ئاگادار بوون[12] .

[12] کارگێڕانی کۆمیتەی سەرووی کۆمەڵ کە بریتی بوون لە (شێخ عەبدولقادری نەهری، کورسەعدی، حاجی ئەختی محامی، دکتۆر کەمال، دکتۆر فوئاد، محەمەدی

وە لەو لاشەوە هەرای (ئەستوری)یەکان دەستی پێکرد، حکومەتی تورکیاش تیپێك ژەندرمەی نارد بۆ ناوچەی (بەتلیس) کە پارێزگاری ئەو ناوە بکات. لەو تیپەدا هەندێ ئەفسەری کوردیشی تیا بوو، یەکێك لەو ئەفسەرانە (یوسف زیا)ی خەباتکەر بوو. بۆ ئاگاداری بروسکەیەکی بۆ (ڕەزا)ی برای لێ دا لە (ئەرەزرۆم) کەوا ئەستوریەکان لەوێ هەڵساون و مانیان گرتووە..

کە کاتێك "ڕەزا زیا"ی برای "یوسف زیا" ئەم بروسکەیەی لە براکەیەوە وەرئەگرێ بەجۆرێکی تر ئەمە لێك ئەداتەوە. وە پیشانی کوردە دڵسۆزەکانی دا. هەموو بە هەڵەدا چوون و وایان زانی کە ئەمە مەبەستێکی شاراوەی تیایەو مەبەستی یوسف زیا ئەوەیە کە ئەڵێ وا ئێمە لێرە هەڵساوین ئێوەش دەست پێ بکەن، ئەوە بوو بەو هەڵەشەییە کەوتنە خۆیان، بەڵام حکومەتی ئەتاتورك پێی زانین و بە گەرماو گەرمی (خالد پاشای جیری)[13] لە ئەرەزرۆم و (حاجی موسا) لە

کوڕی شێخ عەبدولقادر، خوجە عەسکەر) لە ئەستەمبوڵ دانیشتبوون بۆ بەرێوە بردنی کارو باری کۆمەڵ.

[13] خالد پاشای جیری: بە قارەمانێکی جگەر سۆزی خزمەت گوزاری کوردستان ئەژمێردرێ و هەتا هەتایە کوردایەتی شانازی پێوە ئەکات و کوردەواری بە یەکێ لە پێشەواکانی بزوتنەوەی رزگاری کوردستانی (کوردایەتی)ی ئەداتە پێنوس.

–خالد پاشای جیری، لە قوتابخانەی جەنگاوەری ئەستەمبوڵ لە لقی عەشایەری دەرچووەو لە لەشکری (حەمیدیە)و جەنگی گشتی (حربی عمومی) میر ئالا "کولونیل"ی سوپایی بوو.

لەپاش موتارەکە (کۆتایی جەنگی گێتی یەکەم) لە ئەرەزرۆم. کرا بە موچە خۆر (موظف) هەر لەوێ ژیا تا کاتێ لە ئەنجامی بە هەڵە لێکدانەوەی بروسکەکەی

موش و ڕەزا زیاش لە ئەرەزرۆم گرت و خستیانە بەندیخانەوەو لە پاشا ڕازا یوسف زیاشیان لە بەتلیس گرت و هەموویان هێنان بۆ گرتوخانەی بەتلیس، لەوێ هەموویان ریز کردن و دایاننە بەر دەست ڕێژو کوشتیانن.

لە پاش کوشتنی ئەوان ژەندرمە بە کرێ گیراوەکانی ئەتاتورك ویستیان شێخ سەعیدی پیران لە (خەنس) پاشای حەسەنان لە مەلازگورد و نوح بەگ لە موش بگرن، لە کاتێکا (نوح بەگ)یان گرت، خالد حەسانان بەوەی زانی هێرشی بردە سەر ژەندرمەکانی ئەتاتورك و نوح بێگی رزگار کردو یاخی بوون.

شێخ سەعیدیش کە ئەو کاتە تەمەنی ئەچووە (٦٠)ساڵ داوایان کرد، کە بچێت بۆ لای کار بەدەستانی لە (بەتلیس) ئەویش لەوە گەیشت کە لە گرتن و سزادان بەو لاوە هیچی تر نی یە، بە لێ بوردنەوە پێی وتن کەوا پیرییەتی تاقەت و توانای نەهێشتووەو ناتوانێ بچێت.. لەبەر ئەوە لە گێرمەو کێشەی ژەندرمەکان خۆی رزگار بکات هەڵسا لە (خەنس)ەوە، چوو بۆ دێی "پیران" بۆ ماڵی "شێخ عەبدولرەحیم"ی برای، بەڵام حکومەتی تورکیا وازی لێ نەهێنا، یەك دوو ئەفسەر چەند ژەندرمەیەکیان بە دوادا نارد بۆ پیران، ئەویش هەر سەرپێچی کردو نەچوو، بەڵام ئەفسەرەکان هەر وازیان لێ نەهێناو بەهانەیان پێ ئەگرت، هەتا گەلێ کردەوەی ناشیرینیان نواند بەرامبەر بە شێخ سەعید، شێخ سەعیدیش لە سەرێکەوە کە کوردەکانی کوردستانی تورکیا هەموو

(یوسف زیا) گیراو لەگەڵ کوردە گیراوەکانی تردا نێردرا بۆ گرتووخانەی بتلیس و بەو جۆرە شەهید کرا.

ڕێزیان لێ ئەگرت و لەسەر ئەوەشەوە بە راوێژکەرێکی ئایینی یان ئەدایە پێنوس و زۆر لە دڵیانا خۆشەویست ببوو. هەرچەندە خۆی تۆزێ دانی بە خۆیا گرت بەرامبەر بەو کردەوە ناشیرینانەی ژەندرمەکانی ئەتاتورك نواندیان، بەڵام کەس و کاری و ئەو کوردانەی لەوێ بوون ئەمەیان بۆ هەڵنەگیراو نەیان توانی دان بەخۆیانا بگرن، زۆربەی رق و قینیان لە ژەندرمەکان ئەبووەو لە سەرێکی کەشەوە داخی شەهیدەکانی بەتلیس و ئەو کوردانەی گیرا بوون لەسەر دڵیانا خڕ بوو بوو، بۆیە ئەفسەرو ژەندرمەکانیان دایە بەر دەست رێژو شیلکی تفەنگ و کوشتیانن.. ئیتر بەو جۆرە کوردەکان ناچار بوون کە لەسەر خۆیان و نیشتمانە کەیان بکەنەوە، چونکە لەوە زیاتر خۆیان بۆ رانەگیرا.. لە رۆژی ٨ی شوباتی ١٩٢٥ەوە دەست کرا بە شۆڕش[١٤] شێخ سەعید ناردی بە دوای پیاوە گەورەکانی کورداو شۆڕشەکەیان کرد بە چەند بەرەیەکەوە، بە مەرجێ هەر بەرەی بە دەست یەکێکیانەوە بێ و بێ ترس بجەنگێ لە ڕێی مافی کوردو چارەنووسی کوردستانا.

بە ١٠-١٥ رۆژ شۆڕشگێڕەکان توانیان لە بەرەی (خالد پاشای حەسەنان)ەوە ناوچەی وارتوو، مووش، خەنس، بەتلیس ئازاد بکەن و مل بنێن رووەو ئەرەزرۆم.

وە لەبەرەی (شێخ شەریف)ەوە "مەلەکان، پینگۆل، پالۆ، گەنج، ئەلعەزیز، داراهینی، خەربوت" یان ئازاد کردو روویان کردە (سیواس).

[١٥] لە ٤ی مارتی ١٩٢٥دا شێخ سەعید بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا بیخوێنەرەوە.

شێخ سەعید خۆیشی هەر لە پیرانەوە بە هەرچی قەزاو ناحیەی دیاربەکرەوە هەیە هەمووی ئازاد کرد ئەیوست بچێتە ناو شاری (دیار بەکر)ەوە..بۆ ئەنجام شێخ سەعید توانی بگاتە شاری دیار بەکرو داگیری بکات.. وە ئالای کوردستانی لەسەر قەلای دیاربەکر هەڵ بکات..

حکومەتی تورکیاش کە زانی ناتوانێت رق و سەرگەرمەی و خۆ بەخت کردنی شۆڕشگێڕەکانی کورد بکوژێنێتەوە، هەر بە گەرماو گەرمی کارگیرانی کۆمیتەی سەروی (کۆمەڵی ئیسقلالی کورد)ی گرت کە لە ئەستەمبول دائەنیشتن، وە خستیەیە بەندیخانەوە.. وە هەروەها کە زانی تازە شۆڕشگێڕەکانی کورد کوردستانیان ئازاد کردووەو هیچ چاری نەماوە، وەهەستی بەوە کرد ئەگەر زوو فریای خۆی نەکەوێ شوێن بەخۆیشی لەق ئەبێ.. بە پەلە پروزێ هاواری بردە بەر حکومەتی فەرەنسە کە ئەوکاتە سوریای لەژێر دەستا بوو، بەڵی پاڕانەوەو داوای لێ کرد کەوا رێی بدات بەهۆی خەتی شەمەندەفەری سەر سنوری حکومەتی تورکیاو سوریاوە، لە "ئەنقەر"ەوە هێزو سوپا بنێرێ بۆئەوەی لە دواوە ئەو شوێنانە داگیر بکاتەوە کە شۆڕشگێڕەکان ئازادیان کردووەو بەسەریا تێ پەڕ بوون. بۆئەوەی ئەم شۆڕشە بکوژێتەوە کە تورکیای خستۆتە گێژاوی ورییەوە.

فەرەنسای ئیمپریالیزمی چەپەڵیش کە دوژمنی گەلانی ئازادی خوازە، بەمە قایل بوو، وە بە ئارەزووی ئەتاتورك رێی بۆ هێزی تورکیا کردەوە کە بە خەتی شەمەندەفەری سەر سنورا بێن و لە دواوە لە ناکاو بدەن بەسەر

شۆڕشگێڕەکانی کوردا.. لە کاتێکدا لەو لاوە شۆڕشگێڕەکان شەڕیان لەگەڵ ئەو هێزە ئەکرد کە بەرامبەر "دیاربەکر" وەستا بوو، لەناکاو لە دواوە ئەو هێزە گەورەیەی بەهۆی خەتی شەمەنەفەرەوە هات دایان بەسەریانا، ئەو کاتە شێخ سەعیدو شۆڕشگێران کەوتنە نێوانی دوو ئاگرەوە. لە هەموو لایەکەوە هێزی تورکیا گەمارۆی شۆڕشگێڕەکانی کوردیان دا، لەپاش ئەوەی شەڕێکی زۆریان کرد. شۆڕشگێڕەکان نەیان توانی دەرەقەتی ئەو هێزە گەورەیەی تورك بێن کە هەر چوار لایان لێ تەنێ بوون، هەر چۆنێ بوو بە شەڕ لایەکیان در پێداو دیار بەکریان بەجێ هێشتو گەرانەوە بۆ (وارتۆ).

هەراو زۆرداری

لە دوای شکاندنی شۆڕشگێڕەکانو گەرانەوەیان بۆ "وارتۆ" ژەندرمەکانی تورك هەرچی دێیەکیان بهاتایە بەردەم ئەیان سوتانو پیاوو ژنو کچو پیرەمێردو پیرێژنو منداڵی ساوایان ئەکوشت، یان هەر لە خانوەکانیانا ئەیان سوتاندن.. وە لەوە خراپتریش جگە لەوەی لە سنوری مرۆڤایەتیان کردبووە دەرەوە. هێرشیان ئەبردە سەر ناموسی ئافرەتە بەشەرەفەکانی کوردستان، هەتا زۆر لەو ئافرەتانە لەبەر ناموسو حەیای خۆیان هیچ داڵدەیەکیان نەئەما، بۆ ئەوەی نەکەونە دەست ژەندرمە بێ فەڕە تاوانکارەکان ئەچونە سەر لوتکەی چیاکان، پێش ئەوەی دەستی ژەندرمەکانیان بگاتێ خۆیان فڕێ ئەدایە خوارەوەو خۆیان ئەکوشت، وە جگە لەوەش ئەو ژەندرمە بێ بەزەییانە.. ئەو ویژدان تۆپاوانە، تەنانەت منداڵی یەك دوو ساڵانو سەر

بێشکەشیان توش بوایە کە هێشتا ئاگای هیچیان نە ئەزانیو ئەشنانەوەو دەمیان بە زەردەخەنەو پێکەنینەوە بوو، هەڵیان ئەدان بە ئاسماناو نیزەکانیان ئەدایە بەر پشتیان لە کاتی کەوتنە خوارەوەیاندا نوکی نیزەکانیان لە پشت یان سکیانەوە دەرئەچوو. کە ئەشمردن هێشتا لێویان هێڵی زەردەخەنەو شنانەوەکەیانی لەسەر کێشرا بوو.. بەو جۆرە هەڵمەقۆیان بە منداڵە ساواکانی کورد ئەکرد بە نوکی نیزەگلاوە تاوان کارەکانیان کە بە خوێنی خەڵکی کوردستان توێژاڵی سووری گرتبوو..

ئیتر بەو جۆرە توشی هەر دێیەك، هەر شارێك بوونایە گیانداریان لێ ئەبڕیو قڕیان تێئەخست، بەو شێوە نامرۆییە حکومەتی تورکیای تاوانکاری نۆکەری ئیمپریالیزم ئەو کردەوە نارەواو نالەبارانەی ئەنواند بەرامبەر بە گەلی کورد. لەگەڵ ئەوەشا مرۆڤایەتی و گەلانی سەر رووی جیهان کە بە چاوی خۆیان ئەیان دیی و بە گوێی خۆیان ئەیان بیستو هەواڵی گەلی کوردیان ئەزانی، چاویان لە ئاستیا ئەنوقانو رووی خۆیان لەو باسە وەرئەگێراو گوێی خۆیان لێ کەڕ کردبوو، وە ئەوەیان پەلەیەکی رەشی گەورەیە بە ناوچەوانی گەلانەوە، بەرووی ئاوێنەی خەباتی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەکانی سەر رووی زەمینەوە. لام وایەو دڵنیاشم هەڵە نیمو قسەکەم راستە، چونکە مرۆڤایەتی "وەکو ئەڵێن" هەمووی یەك زنجیرەیەو هەر نەتەوەیەك لەسەر زەویا ئەڵقەیەکە لەو زنجیرەیەوە بەهەموویان ئەو زنجیرەی مرۆڤایەتیان پێك هێناوە، مانای ئەوەیە ئەگەر مرۆڤێك لەبەر چاوی یەکێکی تریان بکوژرێت، یان کۆرپەکانی نەتەوەیەك لە بەردەمی خۆیانا بەبەر چاویانەوە زۆردارێك شەلم کوێرم ناپارێزمانە قریان تێ بخاو لەناویان بەرێو بیان کوژێ،

پێویستە هەر هیچ نەبێ دڵیان پێی ناخۆش بێو بەلای کەمەوە ناوچەوانیان لوچو گرژییەکی پێ ناخۆش بوونو بەزەیی تێ کەوێ، بە تایبەتی گەلی کوردیش کە ئەڵقەیەك بێ لەو زنجیرەیەو بە بەرچاوی مرۆڤایەتی یەوە وای بەسەر بێو کەسێك یان نەتەوەیەك نەبێ تەنانەت پێ ناخۆش بونی خۆیشی دەربرێ، بە راستی ئەگەر بیری لێ بکەینەوە زۆر جێی داخو ئەفسوسە لە کاتێکا ناوی خەباتی گەلانو مرۆڤایەتی یەنو نەتەوەکەشمان وای بەسەر هاتبێ.. بۆیە بە گوستاخانەوە ئەو هێرشە رەواو راستە ئەبەمە سەر مرۆڤایەتی لەو کاتەداو لە بارەی ئەو باسو رووداوەوە.

شۆڕشەکە چۆن کوژایەوە؟!

(شێخ سەعید)یش بۆی دەرکەوت ئەگەر وا بڕوات هەتا بێت شۆڕشەکە رووەو کپ بوون ئەڕوات، وە لەگەڵ ئەوەشا هیچ کەسێك پشتیان ناگرێو بەزەیی پیایانا نایەتەوەو لەسەریان نایەتە گوفتار، ویستی بچێ بۆ کوردستانی ئێرانو لەگەڵ کوردەکانی ئەوێشدا رێك بکەوێت بۆ ئەوەی ئەوانیش یارمەتی شۆڕشەکە بدەنو کوردستان لەدەست ئەو زۆرداریو چەوسانەوەیە رزگار بکەن.

سەرۆکی بەرەکانی شۆڕشی کۆکردەوەو ئەوەی بۆ دەرخستنو ئەو تەگبیرو نیازەی خستە بەردەستیان. ئەوانیش هەموو پەسەندیان کردو لەپاشا بۆ هەموو شۆڕشگێرەکانیان دەرخستو تێیان گەیاندن نیازیان چییە، هەروەها ئەوانیش پەسەندیان کردو خۆیان ئامادە کرد.

شێخ سەعیدو سەرۆکی بەرەکانی شۆڕش بڕیاریان دا کە لە (پردی ئەورەحمان پاشا)وە بپەڕنەوە بۆ بەری ئێرانی "کە ئەکەوێتە نێوانی چیای شەرافەدینەوە".

بەڵام لەو کاتەدا کە شێخ سەعید ئەم تەگبیرەی بۆ شۆڕشگێڕان ئەکرد نەیزانی کە وا (قاسم بەگ جبری)[15] کە یەکێ بوو لەوانەی لەسەر زاری خۆی بە دڵسۆزی کوردو بزوتنەوەی رزگاری کوردستان (کوردایەتی) ئەزانێو فرمێسکی بۆ کورد ئەڕشت، لە یەکەم بزوتنەوەو هەڵگیرسانی شۆڕشەوە هەموو تەگبیرو ئامانجێکیانی لە ژێرەوە داوە بە حکومەتی تورکیا، -ئەویش حکومەتی تورکیا- بە هەموو هێزێکییەوە هەوڵی داوە کە تێکڕا تەگبیرو هەنگاوەکانی شۆڕش تێك بداو نەهێڵێت بگاتە ئامانجو بکوژێتەوە..

ئینجا شێخ سەعید بەوەی نەئەزانی کە زۆربەی بەسەرهاتی ئەو چەڵەمانەی کە ئەهاتنە رێی شۆڕش لە ناپاکیو خیانەتی (قاسم جبری) ناپاك بووە.

ئینجا ئەو رۆژەش کە شێخ سەعید نیازی وابوو بچێت بۆ ئێران، قاسم جبری لە ژێرەوە لە جاسوسیەتی خۆی دوانەکەوتو ئاگاداری کاربەدەستانی حکومەتی ئەتاتورکی کرد، حکومەتی تورکیاش هەرچی

[15] لەکاتی خۆیا قایمقامی (خەنس)بوو، خۆی بە کورد پەروەر دائەنا کە لەگەڵ شێخ سەعیدا ئەدواو بە دەم خۆی بەخت ئەکرد لە رێی کوردستانا تاکو شێخ سەعید بڕوای پێ کردو لەکاتی شۆڕشدا تەرخەمێکی زۆری ئەدایەو شۆڕشگێڕانیش زۆر رێزیان لێ ئەگرت، ئەویش هەر لە پێش شۆڕشەوە پەیمانی لەگەڵ ئەتاتورکا بەستبوو کە یارمەتی بدات بۆ توانەوەی کوردو کوردایەتی.

هێزی هەبوو ئەمبەرەو بەری ڕێگاکەو پردەکەیان گرت کە وەکو وتمان ئەکەوێتە دۆڵێکی چیای شەرافەدینەوە.

کە کاتێک شۆڕشگێڕەکان ئەڕۆیشتن و گەیشتنە ئەوەی لە پردی (ئەورەحمان پاشا) بپەڕینەوە، نەیان زانی کەوا لەسەر تەگبیری (قاسم جبری) ناپاک هێزی تورکیای چەپەڵ ئاگادارەو ئەم لاو لای پردەکەی گرتووە، کە ئەمان گەیشتنە ناوەراستی پردەکە، کاتێکیان زانی دەست ڕێژیان لێ کرا، شۆڕشگێڕەکانیش هیچیان بۆ نەمایەوە بەهەر حاڵ و بەرهەڵستییەک بوو خۆیان گەیاندەوە سەری پردەکەو کەوتنە شەڕ لەگەڵیانا، کە لە نێوانی هەردوولادا بوو بە تەقە، هەرکە چەند کەسێك شەهید کران (قاسم جبری) چەپەڵ ویستی بڕواو ئیمانی شۆڕشگێڕەکان بێ هێز بکات و بیان خاتە شك و دوو دڵییەوە.. بۆیە خێرا خێرا پێی ئەوتن (تازە ئێمە شەڕمان بۆ ناکرێ، ئەوان زۆرن و ئێمە کەمین.. با خۆمان بدەین بەدەستەوە..) پەیتا پەیتا ئەم قسانەی ئەدا بە گوێی شۆڕشگێڕەکانا. کەزانی بەقسە دەست لە شەڕ هەڵناگرن و هەر ئەجەنگن، هەڵسایە سەر پێ و ئاڵای سپی هەڵگرت بە مانای ئەوەی شکان و خۆیان دابەدەستەوە.. کە شۆڕشگێڕەکانیش ئەمەیان دیی، کە قاسم جبری لە سەرێکەوە خۆی لە هەموویان بە زیاتر ئەزانی و ئەوانیش وەك لەسەر زاری خۆی بە دڵسۆزیان ئەزانی، ئەوە بوو بووە هۆی ئەوەی هەموویان هەڵسان و چەکیان فرێ داو دەستی خۆدانە بەدەستەوەیان هەڵبڕی.. هەر چەند شێخ سەعید هاواری کردو بانگی کردن بێ سوود بوو، تازە کار لەکار ترازا..

ژەندرمەکانیش خێرا هاتن دەست بەجێ شۆڕشگێڕەکانیان باڵ بەست کردو بە شێخ سەعیدەوە دایاننە پێش.

بەو جۆرە لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٥دا، شۆڕشە مەزنەکەی دیاربەکر کوژایەوەو شۆڕشگێران لە ئەنجامی خیانەت و ناپاکی قاسم بەگ جبریدا گیران و خرانە گرتوخانەو زیندانەوە.

بەشی هەموو ناپاکێك

لەپاش ئەوەی شێخ سەعیدو شۆڕشگێران بەند کران (قاسم جبری) ناهەموارو ناپاك چوو بۆ لای ئەتاتورك، کرنوشی بۆ بردو پێی وت (.. جەنابتان بەڵێنتان دابوو کەوا هەر کەسێك سەر بە حکومەتی تورکیا بێ و هەوڵ بدات شۆڕشی دیاربەکر بکوژێنێتەوەو دژی کوردەکان بێ و یارمەتیشیان بدات. پاداشتی بەنرخی ئەدەنەوە جگە لەماڵ و موڵك و زەوی و زارو خانوو بەرەو موچەیەکی باش، وە خۆتان ئەزانن من هەر لە مێژەوە لە گەڵتانم و یەکەم کەس بووم کە کۆسپی گەورە گەورەم بۆ شۆڕش و بزوتنەوەی کوردەکان دروست ئەکرد، وە هەروەها منیش بووم توانیم شۆڕشی دیار بەکر بکوژێنمەوە بە یارمەتییە گەورە گەورەکانم وەکو جەنابتان ئەزانن.. ئێستاش بۆ ئەوە هاتوومەتە خزمەتتان..).

بەڵام، وەڵامو پاداشتەکەی ئەتاتورك بۆ قاسم جبری ناپاك دەرکردن و قسەی ناشیرین بوو، وە پێی وت (تۆ بۆگەلەکەی خۆت بە کەڵك نەهاتی ئێستا چی بۆ ئێمە ئەکەیت.. چاك تر وایە پێش ئەوەی سزات بدەم و تاوان بارت بکەم، چونکە تۆش هەر لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانا بویت برۆ دەرەوە.. دەی..) ئەویش بێ ئابڕوانە کە چارەنوسی هەموو ناپاکێکە ئێستا بە سەرشۆڕی لە (وارتۆ) ئەژی.. بەڵام گەلی کورد هەر

بە گڵاوی ئەزانێت‌و بێ بەری‌یە لە هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بە کورد ئەزانن‌و ناپاکی لە ئامانج‌و مەسەلەی کوردو بزوتنەوەی رزگاری کوردستان ئەکەن.

خنکاندنی قارەمانانی شۆڕش

ئینجا بێینەوە سەر جۆری خنکاندنی قارەمانەکانمان.. کە کاتێ شۆڕشگێڕەکان لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٥دا گیران، کۆمیتەی سەروی ئیسقلالی کوردیش کە لەوەو بەر گیرا بوو لە ٢٤ی مایسی ١٩٢٥دا فەرمانی خنکانیان دەرچوو، بە دامەزراندنی کۆمەڵی ئیستقلالی کورد تاوانبار کران، تاکو ٢٧ی مایس لە بەندیخانەدا هێشتیانەوە بۆ سزادان‌و جۆرەها ئەشکەنجە، بەو پێیە بێ ویژدانانەی خۆیان سزایان ئەدا.. لە رۆژی ٢٧ی مایسی ١٩٢٥دا، هەر حەوت کارگێڕەکەی رەها کۆمیتەی سەرووی (کۆمەڵی ئیستقلالی کورد) "شێخ عەبدولقادری نەهری، دکتۆر کەمال فەوزی، دکتۆر فوئاد، شێخ محەمەد، شێخ عەبدولقادر، کورسەعدی، حاجی ئەختی محامی، خوجە عەسکەری" لە دیاربەکر لە سێدارە دران، وە هەندێکی کەیان لەگەڵ (شێخ عەبدولقادر)دا مەحاکەمە کران، بڕیارەکانیان دوا خست بۆئەوەی لەگەڵ (شێخ سەعید)دا مەحکەمەیان بکەن، ئەوە بوو رۆژێك پێش خنکاندنی (شێخ عەبدولقادر)و هاوڕێکانی واتە لە ٢٦/مایسی ١٩٢٥دا دەستیان کرد بە مەحکەمە کردنی شێخ سەعیدو هاوڕێکانی‌و لە ئەنجامدا تاوانباریان کردن بە دامەزراندنی حکومەتی کوردستان‌و جیابونەوەو

بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە، بەو جۆرە محاکەمەیان هەتا مانگێکی خایان، لە پاشان لە ڕۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا بڕیارەکانی مەحکەمەیان خوێندەوە کە بە شێخ سەعیدەوە (١٠٣) کەسیان فەرمانی خنکاندنی درا بەسەراو ئەوانی تریش لە (٢٠) ساڵی‌یەوە تا بەندی هەتا هەتایی بیان گرە، ئەو مەحکەمە چەپەڵە کە ناوی خۆی نابوو (مەحکەمەی ئیستقلال) فەرمانی نارەوای بەسەر دان، ئەو (١٠٣)کەسەی کە فەرمانی خنکاندنیان درا بەسەردا (٤٧)یان لەسەر کردەو پیاوە گەورەکانی کورد بوون‌و (٥٦)کەسەکەی تریشیان لە لاوە دەرکەوتووە چاپوکە جگەر سۆزەکانی کورد بوون.

لە شەوی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا، مانگەشەوێکی تریفەداری زۆر خۆش بوو لە سەعات ١٢ی شەوی زەوا، دەستگای مەحکەمەی ئیستقلالی چەپەڵی تورکی هەر (١٠٣)یان دانە پێش بۆ سەر ئەو ریزە قەنارەیەی کە لەسەر شورەی (دیاربەکر) بۆیان هەڵخستبوون، لە کاتی لە سێدارە دانیشیانا وەستا بوون بە دیاریانەوە. ئەو سەرکردە کوردانەی لە سێدارە دران‌و بە تەواوی ناسرابن ئەمە هەندێکیانە کە توانیمان ناویان بزانین (شێخ سەعیدی پیران، شێخ شەریف، شێخ عەبدوڵلای مەلەکان، کامل بەگ، بابان بەگ، شێخ شمسەدین، رەشید بەگ، تەیمور بەگ، رەئیس بەحری، مەقسود بەگ، عەلی بەگ، حسێن بەگ، مەلا جەمیل، نوح بەگ، یوسف بەگو. لەگەڵ ئەوانی تریشدا)[16].

[16] زۆر کەس لە سێدارە دانی شێخ سەعیدی پیران‌و هاوڕێکانی لە بەرواری ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دائەنێ، رەنگە وای دابنێین کە گوایە لە سەعات (١٢)ی نیوەشەو بەو لاوە لەسەر ٢٩ حوزەیرانە، بەڵام هەموو کوردەکانی تورکیا ٢٨ی

شێخ سەعیدیان لەولاوە راگرتو ئەوانیان یەکە یەکە ئەبردە سەر سێدارەو هەڵیان ئەواسین، بەڵام هیچ کامیان لۆچی گرژیو پێناخۆش بوونی نەئەکەوتە ناوچەوان، بەڵکو بەروویەکی خۆشو (بژی کوردستان)ەوە پەتەکەیان ئەکردە گەردنیان.

کە هەموویان کردن بە دارا جگە لە شێخ سەعید کە دواکەس بوو، ئینجا هاتن پەلی ئەویشیان گرت بۆ سەر سێدارە، بەڵام ئەو بە زەردەخەنەوە دەستی لە دەستیان راپسکانو خۆی چووە لای سێدارەکەو سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان، سەیری مانگی ئەکرد کە خەرمانەی دابوو، وایان ئەزانی، ئەبێ فرمێسک بەسەر ریشە سپییەکەیا بێتە خوارەوە!. بەڵام بە پێچەوانەوە بە زەردەخەنەیەکی پر لە هیواوە، وردە وردە چاوی وەرگێرا بەلای دەستەی مەحکمەکەوە کە لەلایەوە وەستا بوونو رووی تێ کردنو وتی:

(ئەمشەو مانگە شەوە.. سوپاس بۆتۆ خوای گەورە کە ئێمە شەویشمان هەر رۆژە، چونکە دەرونمان تاریکی تیا نییە.. وە ئەمرۆش ئێمە ئەبینە قۆچی قوربانی بۆ ئازادی کوردستان.. وە ئێمە بڕگەیەکین لەو قوربانیانەی لاشەکانمان ئەکەین بە پرد بۆ ئەوەی کورد بەسەریا بپەرێتەوە بۆ بەری رزگارییو ئازادی.. وە ئەو مانگە جوانەی کە بە ئاسمانەوە خەرمانەی داوەو ئەدرەوشێتەوە ئەوە هیوای کوردە. ئەو ئەستێرە گەشانەی دەورو پشتیشی ئەو قۆچانەن کە لە رێی

حوزەیران دائەنێن بە لە سێدارەدانیان، چونکە لە پێش سەعات ١٢دا بردویانن بۆ سەر سێدارەو لە سەعات (١٢)دا دەستیان کردووە بە خنکانیان، لەبەر ئەوە راستی بەرواری خنکاندنیان ئەبێ ٢٨ی حوزەیران دابنێن بەیادکردنەوەیان.

کوردستانا بەخت بوونو ئێستا بە ئاسمانی کوردستانەوە پرشنگ ئەدەنو ئەدرەشێنەوە، پێویست ناکات کەس بۆ ئێمە بگری، وە داوای ئێمەو کەسو کارمانو هەموو کوردێك ئەوەیە تەنانەت دڵیشیان تەنگ نەبێ، بەڵکو پێبکەننو شانازی بکەن کە ئێمە لەرێی خواو کوردستانا ئەڕۆینو دوعای خێرمان بۆ بکەن.. بەڵام ئێوە بۆ خۆتان بگرین هەی تاوانکارینە کە رۆژێك یەت گەلی کورد ئەم رۆژەتان یەنێتەوە بەر چاو..) ئەمەی وتو دانەوییەوە بۆ زەوییو مشتێ لە خۆڵەکەی هەڵگرتو ماچی کردو سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیەوە (وتی خوایە خۆت ئاگاداری ئێمە لە پێناوی ئەم خاکە پیرۆزەدا ئەڕۆین، کە پێی گلاوی زۆردارانو بیگانەی لێ بڕین..) ئەمجارەش مستە خۆڵەکەی دەستی ماچ کردەوەو وتی (.. بەڵێ ئێمە لە رێی تۆدا ئەرۆین، تکامان هەر ئەوەیە ئەو خوێنەی ئێمەو هەموو شەهیدان کە ئەرژێنە سەرت بیکەی بە گوڵاڵە سورە لە هەموو لایەکا، بۆ ئەوەی نیشانەی خوێن رشتنی ئێمەو تۆڵە سەندنەوەی خەڵکی کوردستان بێ...) ئیتر ژەندرمەکان گەیشتە تینیانو خۆیان بۆ رانەگیراو بەسەریانا خوڕییو بێدەنگیان کرد، بە رقەوە پەتەکەیان کردە گەردنیو لەقەنارەیان دا.

بەو جۆرە (١٠٣) سێدارە، هەریەکەی لاشەی کوردێکی پێوە هەڵواسرا بوو، بەریز وەك قولاپی قەسابی لەسەر شورەکانی دیار بەکر رێز کرابوون.

هەرگیز
لەبیر ناچن

بەو جۆرە، ئەو (١٠٣)قارەمانانەمان لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا لە شاری (دیاربەکر) بە دەستی کاربەدەستانی فاشیزمی تورکیا لە سێدارە دران.

ئینجا ئەو یادە نەك تەنیا هەر ئەو رۆژە بوو کە (٣٥)ساڵ لەمەوبەر ژەندرمە بەکرێ گیراوەکانی تورکیا لە شاری (دیار بەکر)ی خەباتکەری جوانکیلانەدا (١٠٣)سێدارەیان لەسەر شورەکان بەریز بۆ نیشتمان پەروەرانی کورد هەڵخست.. شاری دیاربەکری جوانو رازاوەو بێ تاوانیان بە خوێنی کۆرپەکانی خۆی سور کردو پۆی تاوانیان نایە سەر خاکە بە نرخە پیرۆزەکەی.

ئینجا وەکو وتمان ئەو یادە بەنرخە تەنیا هەر ئەوە نەبوو وەك روداوێك هەر ئەو رۆژە باس کرابێو ئیتر باسی نەمێنی، بەڵکو گەلی کورد ئەمە (٣٥)ەم جاریەتی یادی ئەوە ئەکاتەوە کە (٣٥)ساڵ لەمەوبەر ژەندرمە تاوانکارە کۆنەپەرستەکانی تورك دژی ئازادی گەلەکەمان وەستانو قارەمانانی شۆڕشە خوێناویە مەزنەکەیان لە سێدارە داین.

وە نەبێ نەتەوەی کورد ئەوەی لەبیر بچێتەوە.. بەڵکو ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاترو بە پەرۆش ترەوە کۆرپەکانی کوردستان ئەمەیان لەبیر ناچێتەوەو یادی نوێ ئەکەنەوە..

وە وەنەبێ ئەو شەهیدانە کە خوێنیان رژایە سەر خاکی کوردستان بەبێ خاوەن لە ترسی ژەندرمەکانی تورك نێژرابن!!.. نەخێر.. بە پێچەوانەوە. بەڵکو هەرچەندە ژەندرمە بێ ویژدانە بەکرێ گیراوەکانی ئیمپریالیزم بە دزی خەڵکی کوردستانەوە خستیانە گۆڕەوە.. بەڵام گیانو دڵی هەموو کوردێك لە دوایانەوە لەگەڵ تەرمە پیرۆزە شەهید

کراوەکانیانا ئەرۆیشتنو بە سرودی (ئەی رەقیب) ەوە، رەوانەی دوایانەیان کردن..

ئاسۆی کوردستانی خۆشەویست وەك بە خوێن گیرا بێ سور هەڵگەرا. دایکە خۆشەویستە بەساڵا چووەکەمان (کوردستانی دڵ هەڵقرچاو) چراوگەی فرمێسکی خوێنینی بەسەر سنگو رویا ئەهاتە خوارەوە..

بەڵێنیدا ئەو کۆرپانەی لەمەولا لە دایك ئەبن، ئیتر ئەبێ بەو خوێنە گەشە سورە شۆڕشگێرەی شەهیدەکانمان گۆش بکرێنو شەو نخونیان بەسەرەوە بکێشێ تا پەروەردەو گەورەیان ئەکات. بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئەنجاما نەك تەنها تۆڵەی کۆرپە شەهیدەکانی پێ بکاتەوە، بەڵکو بۆی ببنە سوارەی پارێزەرو سوپایەکی جگەر گۆشە قڕ لە زۆردارو بێگانەی ناو لانەکەی خۆیان بخەنو نەهێڵن لە سنور بێن بەم دیوا، تاکو تۆزێ هەناسەی حەوانەوە بداتو پشوو وەرگرێو ئیتر توشی دەردی سەریو بێ دەرامەتی نەبێ.

هەر بۆ ئەوەشە کە مێژووەکەمان ناهێڵێ ئەوەمان لەیاد بچێتەوە..

ئێمەی کوردیش هەتا هەتایە هەر یادیان ئەکەینەوەو هەموومان بەیەك دەنگ هاوار ئەکەین، بژی یادی شەهیدانی رێی رزگاری کوردو کوردستان.

بەغدا- عوزێری

٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٠.

شۆڕشەکە بۆ سەرنەکەوت

ئەبێ ئێمەی كورد ئەو هۆیە بنچینەیی‌یانە بزانین كە بوون بەهۆی كوژاندنەوەو سەرنەكەوتنی ئەو شۆڕشە مەزنەیەی دیار بەكر، بۆ ئەوەی پەندو وانەی لێ وەرگرین‌و جارێكی‌تر توشی ئەو هەڵانە نەبینەوە، ئەوەش ئەمانە بوو:

١.ئەو هەلە گەورەیەی كۆمیتەی سەروی كۆمەڵی ئیستقلالی كورد، كە هەموو نهێنی‌یەكانی كۆمەڵیان خستە بەردەمی كابرای گەڕۆكی توركی، كە خۆی كردبوو بە ئینگلیز، وە بوو بەهۆی ئەوەی حكومەتی توركیا هەموو نهێنی‌یەكانی كۆمەڵ بزانێ‌و بە ئارەزووی خۆی لە كورد بدات.

٢.بەهەڵە چوونی رەزای برای یوسف زیاو كوردەكانی ئەرەزرۆم لە ناوەڕۆكی ئەو بروسكەیەی یوسف زیا لێ ی دابوو بۆ ئاگاداری لە بەتلیسەوە.

٣.بەر بەرەكانی لە نێو عەشایەرەكانی كوردا لەسەر روناكی لەشكری حەمیدیە كە سوڵتان عەبدولحەمید دروستی كردبوو هەر بۆ ئەو نیازە.

٤.ساوایی كۆمەڵی ئیستقلالی كوردو جێگیر نەبوونی بە تەواوی لەناو دڵی خەڵكی كوردستانا.

٥.دەست كردن بە شۆڕش پێش ئەو كاتەی كۆمەڵی ئیستقلالی كورد دابنابوو.

٦.ناپاكی (قاسم جبری) بێ‌فەڕ، كە بە قەدەر هەموو هۆیەكان كاری كردە سەر كوژانەوەی شۆڕشەكە.

بەیاننامەی شێخ سەعید لەكاتی شۆڕشدا

[17]توركـان، عوسمانیـان داخەكـەم بـەناوی دیـن‌و خەلافـەتی ئیسلامی‌یەوە ئەمە (٤٠٠) ساڵە ئێمەیان بەرە بەرە دیل‌و ژێر دەست كردووە، وە بەرەو تاریكی و نەزانیان بردوین، وەڕێی نەهاتیان هێناوەتە بەرمان، خۆیان مردووی بەردەم زیندەخۆرن، وە لەگەڵ خۆیان ئێمەش كیش ئەكەن، ئیتر مل كەچی بۆ زۆرداران‌و تاریكی پەرستان.

ئەم توركانە هەر لە مێژەوە بە كۆچەری هاتونەتە ناومان وە بەفرو فێڵ خۆیان دامەزراندووە، وڵاتی ئێمەیان وێران‌و داگیر كردووە، كوردستان هەرگیز وەك ئەمرۆ كاول نەبووە وە ئاوا هێلانەی بایەقوشان‌و شوێنی گورگان‌و بوزقوردانی تۆرانیان نەبووە، وڵاتمان وابێ بەش‌و هەژار نەبووە بەڵام حاڵی ئەمڕۆمان سەرگەردانی‌و ماڵوێرانی‌یە، وە هیچ كوردێك، هیچ دیندارێك قبوڵ‌و پەسەندی ناكات.

پێویستە لەسەر هەمووان لەم ژیانە تاڵ‌و بێ بەختیە خۆمان رزگار بكەین لەبەر ئەوە پێویستە لە رێگەی راست‌و هەق پەرستی لا نەدەین، لە مردن نەترسین لەرێی هەق سەندنا نەبەزین، بۆ هەستی ناوبانگی باپیران‌و گەل‌و وڵاتمان خۆمان‌و گیانمانی بۆ فیدا بكەین.

[17] ئەم بەیاننامەیەم لە گۆڤاری رۆژی نوێی ژمارە ٧ی ساڵی یەكەمەوە وەرگرت، كە نوسراوە لە ٤ی مارتی ١٩٢٤دا بڵاوكراوەتەوە، بۆ ئەوەی بەرواری هەموو روداوەكان بەراستی بنوسم هەر لەو هەڤاڵە پەنا هێنەرەم پرسی كە خۆی خەڵكی دیار بەكرە، وتی شۆڕشی دیاربەكر لە رۆژی ٨ی شوباتی ١٩٢٥دا دەستی پێ كرد، وە ئەم بەیاننامەیەش بیست‌و پێنج رۆژ دوای ئەوە دەركرا واتە لە رۆژی ٤ی مارتی ١٩٢٥دا، وە بە هەموو ناوچەكانی شۆڕشدا بڵاوكرایەوە.

بەرامبەر بەسەربازانی تورك بەتایبەتی بەرامبەر بە ئەفسەران‌و سەرۆك‌و قوماندانەکانی تورك کە دەربارەی ژن‌و کچ‌و منالآنمان زۆر بێ بەزەیی‌یانە ئەبزونەوە، وە بە پێچەوانەی دین کوشتار ئەکەن، بوەستن با تۆڵەی ئەم بەسەزمان‌و بێدەسەلآت‌و بێچەکانە بسێنین‌و خوێنیان ون نەکەین، بەلآم بەرامبەر بە دیل‌و زامداران نەرم‌و نیان بن..

بەرامبەر بەو سەربازە تورکانەش کە شەڕ ناکەن‌و خۆیان بەدەست ئێمەوە ئەدەن (تەسلیم ئەبن) پێویستە نەرم‌و نیان بین‌و وەك برای خۆمان رەفتاریان لەگەڵ بکەین لە شەڕا دەستتان نەلەرزێ، لە مردن نەترسن چونکە ژیانێکی هیچ‌و پوچ دوور لە جیهان، ژیانی بێبەشی‌و بێ دەسەلآتی ژیانی پڕ خەم‌و سزاو ناسۆر خەفەت‌و کەساسی بۆ هەمووماں شەرمەزاری‌یە، مردنێکی ئازایانە گەلێك لەو ژینە خۆشترە.

ئاشکرایە کە تورك بێ پەیمانن‌و بەرامبەر بە کورد زۆر زۆردارانەو نامەردانە ئەجولێنەوە، ئێمەی کوردیش ئەبێ دەرسێکی ئەوتۆ بە تورکان بدەین کە هەرگیز لەبیریان نەچێتەوە، وە روو رەشی‌و رەفتاری گورگانەی تورکان بۆ هەموو جیهان دەرخەین کە چۆن بێکەڵك‌و ویرانە پەرست‌و گورگ‌و درندەو خوێنخۆرن.. لەباتی لەناو ئەم زۆردارانەدا بێ کەڵك بژین بەکۆمەڵ مردن لەرێگەی هەق‌و رزگاری دا شەهید بوون گەلێك شیرین‌و خۆشترە.

تا مردن ئێمەمانان بۆ ئەو برا کوردانە، بۆ ئەو منداڵە نازدارانە کە لە دوای ئێمە ئەژین ئەبێ مەشق‌و دەرسێك لەگیان بازی ئێمە وەرگرن، وە بۆ دوارۆژی ژیانیان گەوهەرێکیان پێ ببەخشین. تا لەڕێی هەق پەرستی‌و رزگاری لانەدەن‌و بەرەو روناکی ژیان بڕۆن، بیان جولێنێ.. هەوڵدەن بابە رویەکی سورەوە بژیین. باهەموومان لەرێی ئازادی‌و

سەرفرازیدا بەکۆمەڵ بمرین‌و ناوو نیشانێکی بەرز بۆ نەتەوەکەمان پەیدا بکەین بە یەکێتی‌و برایەتی بەکۆمەڵ کۆشش کردن‌و راپەڕین زۆر بەرزی‌یە، وە ئەبێ بەجیهانی رابگەیەنین کە ئێمە بەرامبەر زۆرداری‌و نارەوایی‌و نادادی راپەڕیوین‌و بەرەنگاری بوینەتەوە، ئەبێ هەوڵ بدەین لە هەردوو دنیادا برایەتیمان راگرین‌و هەق پەرستیمان پەروەردە کەین تا بەرامبەر خواو هەق‌و ئادەمیزاد شەرمەزار نەبین‌و لە هەردوو دنیا بێبەش نەبین.

ئەی گەلی کورد، چاکەو خراپە بەدەست خۆمانە (بە بیرو کردەوەی خۆمان نەبێ هەرگیز رزگارمان نابێ، وەلەتاریکی یەوە ناگەینە رووناکی) ئەبێ کۆشش بکەین ئینجا هەردوو دنیامان دەست کەوێ، لەژێر زۆرداری تورکانا زۆرماینەوە ئەگەر هەر چاوەڕوانی ئەوان بین بێ دەست‌و بێگیان بۆگەن ئەکەین‌و ئەرزیین.

ئەمە چوار چەرخە هەتا ئەمڕۆ تورکان مەشقی کینەو دوژمنایەتی‌و تەمەڵی‌و بێکاری‌و یەکتر کوشتن‌و تالآن کردن‌و ماڵوێران کردنمان دا ئەدەن، هەرگیز نەزاکەت‌و نەرم‌و نیانی‌و یەکتری خۆش ویستن‌و لێ بوردن‌و زانست‌و هونەریان فێر نەکردوین. هەمیشە رێو شوێنی کۆچەریتیان نیشان داوین.. تاکەی واسست‌و بێ کەڵك دوژمن بە یەك بین؟.. ئیتر رۆیشتن لەسەر مەشق‌و رێگەی تورکان رۆیشتن بەس بێ.. هاوکاری لەگەڵ (کەمالی یەکان) بۆ کوردان چ بۆ دونیاو بۆ ئاخیرەت نەهاتی ئەبەخشی.. ئیتر بەرەو رووناکی‌و ئازادی بەرەو برایەتی‌و ئادەمیزاد پەروەری..

کوردان، هەر لە چەرخی (مەم‌و زین)ەوە تا ئەمڕۆ ژیانمان ساز نەکرد، گیانی پاکی‌و باوو باپیرمان شاد نەکرد. ئاواتی ئەحمەدی

خانیمان نەهێنایە دی، بۆیە پەرێشان و سەرگەردان ئەژین و دوژمنانمان بەخۆشادکرد.

ئیتر گیانی ئەحمەدی خانی، دەنگی شیرینی ئازادی (مەم و زین) بوڵند بکەنەوە، ئاواتی باوو باپیرانمان بژینەوە، ئامانجیان بێننە دیی.

ئەی گەلی کورد، زۆر باش ئەزانن کە لە رۆژی رەش و نەهاتیدا تورك هاواری بۆ کورد هێناوە، بەڵام لە رۆژی خۆشیدا نەتەوەی کوردی نەناسیوە، وە لە دەست کەوتەکانمان کوردی بێبەش کردووە، وەنەك هەر ئاوا بێ پەیمانی نواندبێ و پەیمانی شکاندبێ، بەڵکو کە بۆشی هەڵ کەوتبێ نیزەو سۆنگی یەکەشی دەرهێناوەو بەرەو سنگی کوردی ئاراستە کردووە.. بەم رەنگە نامەردانە بە خیانەت پاداشتی کوردی داوەتەوە.. فاعتبروا باولی الابصار.

شێخ سەعیدی نەقشبەندی-پیران.

ژیانی شێخ سەعیدی پیران

*شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ عەلی یە، لە ساڵی ١٨٦٥ی زاینی لە دێی (گادار) لە کوردستانی تورکیا هاتۆتە دنیاوە.

*لەدوای ئەوەی تۆزێ نەش و نمای کردووەو گەورە بووە چۆتە دێی (پالۆ) کە ئەکەوێتە ناحیەی "مەنشی کورد" لیوای "گەنج"ەوە.

*شێخ سەعید لەسەر دەستی شێخ مەحمودی باوکیا تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە کە باوکیشی لە (شێخ عەلی)باوکی وەرگرتبوو، وە شێخ عەلیش لە (مەولانا خالد).

*شێخ سەعید لە شەرع و رێ و شوێن و راوێژی ئاینیدا زۆر شارەزا بوو دەستێکی بالای هەبووە، باوکی زۆری خۆش ویستووە چونکە گەلێ زیرەك و چالاك و چاونەترس بووە، گەلێ هەڵبەستی بە کوردی عەرەبی فارسی تورکی وتووە.

*کە باوکی لە ساڵی (١٨٩٦)ی زایینی دا کۆچی دوایی کرد شێخ سەعید تەمەنی (٣١)ساڵان بوو، بوو بە جێنشینی باوکی لە هەموو کارو بارێکا.

*لە دوای مردنی باوکی چووە (خەنس) جێنشین بوو، لەوێ بوو هەتا ژەندرمەکانی ئەتاتورك زۆریان بۆ هێنا، بۆ ئەوەی خۆی لەو زۆر بۆ هێنانە رزگار بکات هەڵسا لە (خەنس)ەوە چوو بۆ دێی پیران بۆ ماڵی (شێخ عەبدولرەحیم)ی برای لەوێ مایەوە.. هەتا تەنگ پێ هەڵچنینی ژەندرمەکانی ئەتاتورك لەو رۆژەوە چووە دەرەوەو بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لە ٨ی شوباتی ١٩٢٥دا.

*شێخ سەعید کوردو کوردستانی لە سەرووی هەموو ئامانجێکی ئەگرت و بۆ سەرکەوتن و رزگار بوونی هەوڵی ئەدا بۆیە لە هەموو

كۆمەڵو رێكخراوەكانی كوردستانا بەشدار بووەو سەركردەیی شۆڕشی دیار بەكری خوێناوی كردو لە پێناوی ئازادیو رزگاری كوردو كوردستانا لە رۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا لەگەڵ (١٠٢)كورد پەروەری ترا بە دەستی كار بەدەستانی توركیا خنكێنرا.. هەر (١٠٣)كەسەكەیان كران بەوریزە قەنارەیەدا كە لەسەر شورەكانی دیار بەكر وەك قولاپی قەسابی بۆ شۆڕشگێرانی كورد هەڵخرابوون.

سەرچاوەكان:

شەرەفنامە	شەرەفخانی بەتلیسی
شۆڕشەكانی كورد	علادین سجادی
ئیماراتی بەهدینان	صدیق الدملوجی
یاداشتی (بەك)	رفیق حلمی
ڕۆژنامەی خەبات	ئۆرگانی پارتی دیمكراتی كوردستان
القضية الكردية	بلەچ شێركۆ
گۆڤاری دیاری كوردستان	ژمارە ١٣-١٤/١٩٢٦
سيرة مصطفى كمال	محمد عزت
القضية الكردية	نعروف چیاوك